دابینکردنی مافه نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com

ژمارە: ٤٧٩

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران

دوو شەممە ● ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٨٦ ● ٤ی فێوریەی ٢٠٠٨ ● ١٥٠ تمەن

## ٦ی فێوریە، ڕۆژی مانگرتنی سەرانسەری دژی دەسبەسەرکرانی خوێندکاران

خوێندکارانی ئازادیخوازو یەکسانیخوازی ئێران بە دەرکردنی بانگەوازێك خوازیاری بەرێوەبردنی ڕۆژی هاوپیوەندی لە گەڵ خوێندکارانی بەندکراوی ئێران لە ڕۆژی ١٦ی فیوریەدا بوون کە بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایەتی دژی ئازارو شکەنجەو دەسبەسەر کردنی خوێندکاران دەستنیشان کراوە. لە بەشێك لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتوە:

... زیندانی، شکەنجە، فشارو دەسبەسەر کردنی خوێندکارانی ئازادیخوازو یەکسانیخوازی ئێران هەروا درێژەی هەیە. لە کاتێکدا زیاتر لە ٤٠ کەس لە خوێندکارانی ئازادیخواز لە بەند دان، هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم ١٠ کەس لە دۆستانی ئێمە کە کۆببوونەوە تا سەبارەت بە هەنگاوەکانیان بۆ ئازادیی خوێندکارانی بەندکراو ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکەن، دەسبەسەرو ڕەوانەی زیندانی ئێڤین کردوە. لە شارەکانی مەشهەد، سنە، مەریوان، قەزوین‌و ئیسفەهان هێرش کراوەتە سەرخوێندکاران‌و ژمارەیەکیان لێ بەند کردوون.

# کۆنگرەی چواردەهەم: کۆنگرەی گوڕبەخشین بە پرۆسەی ڕیفۆرم‌و نوێبوونەوە




## بەرەو کۆنگرە

عەولا بەهرامی

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێی ئەو ئامادەکارییانەی کردوویەتی لە پێکهێنانی کۆنگرەی چواردەهەمی خۆی نزیك دەبێتەوە. ئەم کۆنگرەیە لە زۆر بارەوەو بە پێی ئەو ئامادەکارییانەش کە بۆی کراوەو ئەو چاوەڕوانییانەی لێی دەکرێ‌و ئەو بارە ڕێکخراوەییەی تێکۆشەرانی حیزبی تێدان کۆنگرەیەکی تایبەتە . بۆیە ئەم کۆنگرەیە بە هیچ شێوەیك ناتوانێ لە ڕوانگەی جێبەجێ کرانی ڕێوشوێنێکی پیرەوی نێو خۆی حیزبەوە لێی بڕوانرێ. ئەم کۆنگرەیە زیاتر لە ساڵێك دوای بە چڵەپۆپە گەیشتنی ئەو قەیرانە ڕێکخراوەییەدا پێك دێ کە ڕیزەکانی حدکای گرتبووەو شکستی بە هەوڵە ریفۆرمخوازانەکانی بەشێکی بەرچاو لە تێکۆشەرە ناسراوو بە ئەزموون‌و بە تواناکانی حیزب هێناو ناچاری کردن بە جیاو لە ژێر ناوە ڕەسەنەکەی حیزب (حیزبی دێموکراتی کوردستان)دا لە قۆناخێکی دیکەدا درێژە بە تێکۆشان بدەن.

ئەم قۆناخە لە تێکۆشان بۆ تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هێندێك تایبەتمەندیی هەیە کە بە تەواوی لە قۆناخی پێشووتری جیادەکەنەوە. ئەم قۆناخە هەرچەند بە خەسارێکی گەورەی ڕێکخراوەیی‌و سیاسی دەستی پێ کرد، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو بڕوایەی لە لای تێکۆشەرانی حیزب دروست کرد کە تەنیا ڕێگەی کۆتایی‌هێنان بەو دۆخە نالەبارەی شێوە کاری کلاسیك بە سەر کاری ڕێکخراوەیی‌و سیاسیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات‌و یەك لەوان حیزبی دێموکراتی‌دا سەپاندوە، گوڕبەخشین بە پرۆسەی ریفۆرم‌و چاکسازیی هەمەلایەنەیە. بۆیە پێویستە بە خوێندنەوەیەکی نوێ لە کاری ڕێکخراوەیی‌و پێوەندی‌و پرەنسیپە نێو ڕێکخراوەیی‌و دەر ڕێکخراوەییەکان‌و تێکوشانی سیاسی‌و دیپلۆماسی‌و.... قامك لە سەر کەموکووڕییەکانی ڕابردوو و پێویستییە ئەمڕۆییەکانی خەبات دانێن‌و هەر لە سەرەتاوە تایبەتمەندییەکی نوێ بەم قۆناخە ببەخشن." هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی ئێمە"، کە لە ڕاستی‌دا دەکرێ پێی بگوترێ پلاتفۆرمی نوێبوونەوەو ریفۆرم لە حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا لە بەر ڕۆشنایی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە سەرجەم لایەنەکانی کارو ژیانی سیاسی‌و سیستمی ڕێکخراوەیی حیزب هاتە ئاراوە.

٢

## یادی٦٢یەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان کرایەوە

سەر لە بەیانی ٢ی ڕێبەندان، ڕێورەسمێکی بەرین بە بەشداریی سەدان کەس لە ئەندامان‌و دۆستانی حیزب‌و ژمارەیەك میوان لە بنکەی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان ٦٢یەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەرێوەچوو.

ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی" ئەی ڕەقیب" کرایەوە. پاشان مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە پەردەی لە سەر تابلۆی هونەریی هونەرمەندی شێوەکار ڕەسوول گەوهەری لادا کە بەم بۆنەوە پێشکەش بە حیزبی دێموکراتی کوردستان کرابوو. ئەم تابلۆیە وێنەی سەرکۆماری شەهید پێشەوا قازی محەمەدی لە خۆ گرتبوو کە لە سەر بەرد هەڵکەندرابوو.



لە درێژەی ڕێورەسمەکەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن کاك عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسی خوێندرایەوە.

پاشان چەندین بڕگەی سەرنج ڕاکێشی هونەری بریتی لە گۆرانی، سروود، هەڵبەست‌و هۆنراوە، پێشکەش کران. لە درێژەی بەرنامەکانی ڕێورەسمەکەدا هونەرمەندانن فەرهاد ساڵحی، سمایل سەردەشتی، فەریبوورز ئەحمەدی‌و کەماڵ شیری کۆمەڵێك گۆرانییان پێشکێش کرد.

ڕێورەسمەکە بە هەڵپەڕکێی گشتیی بەشدارانی ڕێورەسمەکە کۆتایی پێهات. دەقی پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەم بۆنەیەوە لە لاپەڕی ٢دا خراوەتە بەرچاوی خوێنەران.

## چارەنووسی خوێندکارە کوردە دەستبەسەرکراوەکان نادیارە

پاش ئەوەی کە چوار چالاکی خوێندکاری بە ناوی سۆهراب کەریمی، فەرشاد دوستی‌پوور، محەممەدساڵح ئەیومەن‌و جەواد عەلیزادە، دوابەدوای کۆبوونەوەی ناڕەزاییانەی ١٨ی سەرماوەزی ئەمساڵ لە زانکۆی تاران دەستگیرو ڕەوانەی بەندی ٢٠٩ی گرتووخانەی ئێڤین کران تا ئێستاو سەرەڕای هەوڵ‌و بەدواداچوونی بنەماڵەو پارێزەرانیان، هیچ زانیارییەك سەبارەت بە ڕەوشی تەندروستی‌و چارەنووسی ئەوان دەست نەکەوتووە. جگە لەوە "محەممەد ساڵح نیکبەخت" پارێزەری کورد کە لەلایەن بنەماڵەکانیانەوە بۆ پارێزڤانی لە خوێندکارانی دەستبەسەر کراو ئەرکدار کراوە، ڕێگەی پێنەدراوە کە لە گرتووخانە سەردانی خوێندکارەکان بکات.



لە وڵامی بەڕێز دوکتور عەلیرەزا نووری‌زادە دا ٢


قسەکانی کاك عومەر باڵەکی لە ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندان دا ٢


هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی‌دا نابێتە سەرچاوەی گۆڕان ٤


جۆرج بووش‌و وڵاتانی عەرەب‌و دوستایەتیی لەمێژینە! ٥


جیاییخوازی ئاکامی سەرکوتی ویستە قەومی‌یەکانە ٨


سوسیال دێموکراسی چیە؟ ٩


ئەزموونی بزاڤی ئیرلەندی باکوورو دۆخی هەنووکەی بزاڤی کورد ١١

## عومەر باڵەکی لە ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندان دا :

# کاریگەریی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان بە سەر بزووتنەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا دیارو بەرچاوە


عومەر باڵەکی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

هاونیشتمانە خۆشەویستەکان!
خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!
٦٢ ساڵ لە مەوبەر لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا لە شاری مەهاباد بۆ یەکەمجار لە مێژووی نوێی گەلی کورددا حکوومەتێکی میللی لەسەر بناخەی کۆماری بە ڕێبەرایەتیی پێشەوای نەمری حیزبی دێموکراتی کوردستان قازی محەممەد دامەزرا.

کۆماری کوردستان لە کاتێك دا دامەزرا کە شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان لە عێراق و تورکیە بە توندی و بەشێوەیەکی بێرەحمانە تێك شکێندرا بوو، دەنگی حەقخوازانەی خەڵك کپ کرابوو، ناهومێدی و نیگەرانی باڵیان بە سەر ئەو پارچەیە لە نیشتمان دا کێشابوو. بەڵام دامەزرانی کۆماری کوردستان هەوری خەفەت و پەژارەی لە ئاسمانی کوردەواری ڕەواندەوە و بوو بە چرای ڕووناکیدەری ڕێگای خەبات و هیوابەخشی هەموو کوردێك، مەڵبەندی دەسەڵاتی کۆمار بوو بە پەناگاو مەکۆی ئەویندارانی ئازادیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ڕووناکبیران و نیشتمانپەروەرانی کوردستانی تورکیە و سوریا و عێراق ڕوویان تێکرد بۆ ئەوەی لە ژێر سایەی ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستاندا وچانێك بدەن و تێیدا بحەسێنەوە و لە خزمەتی پاراستن و پەرەپێدانی دا بەشدار بن.

ئەوەتا پێشەوا لە نوتقی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان دا بە جوانی ئیشارە بەو یەکدەنگی و یەکپارچەییەی گەلی کورد لەسەرانسەری کوردستان دەکا و دەفەرموێ:

"ئەورۆ لە نمایەندەگانی تەواوی نەواحی و نوقاتی کوردستان بێ ڕەعایەتی تەبەقات ئەعەم لە ئاغاو ڕەعیەت گەورە و چووك کۆبوونەوە و یەك دڵ و یەك زمان هاواری دێموکراسی دەکەن و بە ڕێی دێموکرات دا دەڕۆن و قودرەت و قوەتی دێموکرات نیشان دەدەن".

ئەو فەرموودەیەی پێشەوا نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە، کە هەم دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان خۆیان بە بەشێك لە نەتەوەی کورد دەزانی و هەم بەشەکانی دیکەی کوردستانیش کۆماری کوردستانیان بە ئی خۆیان دەزانی هەر بۆیە زۆرمشتاقانە ڕوویان لە پێتەختی کۆماری کوردستان دەکرد.

دەتوانین ڕووتێ کردنی بارزانییەکان بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفای بارزانی، هاتنی قەدری جەمیل پاشا بە نوێنەرایەتیی کوردە نیشتمانپەروەرەکانی سووریە بیرۆکەی کۆکردنەوەی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان وەك نموونە باس بکەین. ئەوانە و زۆر نموونەی دیکە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کەمەسەلەی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا پەیوەندیی بەتین و نەپساوی بە پارچەکانی دیکەوە هەیە و سەرکەوتن و بەدیهاتنی بەشێك لە ئامانجەکانی کورد لە هەر پارچەیەکدا دەسکەوت و هاندەرە بۆ پارچەکانی دیکە.

هەر لەژێر کاریگەریی کۆماری کوردستاندا بوو کە چەند لاوێکی کورد لە ناوچەی گەرووس لەو سەردەمەدا ڕێکخراوێکیان بەناوی "اتحادیه جوانان بیجار" دامەزراندو هەر لەژێر کاریگەریی کۆماری کوردستاندا بوو کە کوردانی دانیشتوی تاران ڕێکخراوێکیان بە ناوی ئەنجومەنی ئازادیخوازانی کوردستان دامەزراند کە ئامانجیان پشتگیری لە داخوازە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە ئێران و کارکردن لە سەر بیروڕای گشتیی گەلانی ئێران و دەسەڵاتی ناوەندی لە تاران بوو تا سیاسەتێکی گونجاو و نەرم بەرامبەر بە کوردو دەسەڵاتە سیاسییەکەی لە مەهاباد بگرنە بەر. هەر لەو قوناخەدابوو کە خوێندکارە کوردەکانی زانستگەی تاران کەوتنە خۆ و ڕێکخراوێکیان بە ناوی "اتحاد دانشجویان کرد" لە زانستگەی تاران دامەزراند.

کۆماری کوردستان هەرچەند تەمەنی کەم بوو، بەڵام لەو ماوە کەمەی تەمەنی خۆی دا زۆر کاری بەنرخی کردن کە تارادەیەکی زۆر کۆمەڵگای ئەو بەشەی کوردستانیان گۆڕی.

بەم شێوەیە دەتوانین ئاماژە بە دەسکەوتەکانی کۆمار بکەین:

دیارە گەورەترین دەسکەوت پێکهێنانی حکوومەت و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە بەشێکی خاکی کوردستان دا بوو، ئەمجار زمانی کوردی بۆ یەکەم جار بوو بە زمانێکی ڕەسمی و منداڵانی کورد بە زمانی زگماکیی خۆیان قوتابخانەیان بۆ کرایەوە و کتێب و گوڤارو ڕۆژنامەی کوردی بەچەشنێکی تا ئەو دەم بێوێنە بڵاو کرانەوە، بۆ یەکەم جار تیئاترو ڕادیوی کوردی دامەزراو ژنی کورد بۆ یەکەم جار لە ژیانی سیاسی و فەرهەنگیی وڵاتدا بەشدار بوو، لەبەر ئەو پێوەندییە ڕاستەوخۆیە کە لە گەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت دامەزرا بوو، بازرگانییش بەخێرایی گەشەی کرد، مووچەخۆرانی کورد بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداریان گرتە دەست و لە جێگای پۆلیس و ئەرتەشی شاهەنشاهی، هێزی پێشمەرگە دامەزرا.

بەڕێزان!

ناکرێ یادی کۆماری کوردستان بکەین و یادی سەرۆکی ئەو کۆمارە جوانەمەرگە نەکەین و تایبەتمەندییەکانی شەخسییەتی پێشەوا نەخەینە بەرچاو. ئەو تایبەتمەندییانە کە حەق وایە ڕێبەرانی کوردو تەنانەت هەر تاکێکی کورد بیانکاتە سەرمەشقی ژیانی خەباتگێڕانەی خۆی.

پێشەوا لە بنەماڵەیەکی ئایینی لەدایك ببوو، خوێندنی ئایینیی تەواوکردبوو، بەڵام لەگەڵ سەردەم دا دەچووە پێش و گیروگرفت و مەسەلەکانی کە دەهاتنە پێشی سەردەمیانە چارەسەر دەکرد، بە چەند زمانی بێگانە قسەی دەکرد کە بە پێی فەرهەنگو بۆچوونەکانی ئەوکات زمانی "غەیرەدینەکان" بوون بەڵام پێشەوا هەوڵی دابوو کە فێری ئەو زمانانە بێت. تەنانەت لەگەڵ ڕووسەکان کە ئەوکات دەسەڵاتی کومونیستییان دامەزراندبوو و "غیرەدین" بوون پێوەندیی دیپلوماسی و سیاسیی دامەزراند بوو، زۆر خەریکی موتالەعەی سیاسی بوو، وەك هەر دیپلوماتێکی شارەزا لە هەڵسوکەوتی دیپلوماسیدا ڕەفتاری دەکرد بێ ئەوەی وڵاتانی دەرەوەی دیتبێ، زۆر بەشێوەیەکی زیندوو دەی توانی لەگەڵ هێزە سیاسییەکان و دەوڵەتەکان و ڕۆژنامەنووسەکان بەرەو ڕوو بێ و بیانخاتە ژێر کاریگەریی خۆی، قۆستنەوەی هەل و مەرجە لەبارەکان یەکێك لە خەسڵەتە بەرزەکانی پێشەوا بوو.

پێشەوا بە مانای ڕاستەقینەی وشە دێموکرات بوو، چاو پێکەوتنی پێشەوا بۆ هەموو کەس ڕەخساو بوو، جیاوازیی لە نێوان خەڵك دا نەدەکرد و هەموو کەس دەی توانی پێشەوا ببینێ، بەخۆڕایی نیە کە خەڵکی کوردستان بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیان دا نازناوی پێشەوایان بە خشیوەتە قازی محەممەد.

دوای تێپەر بوونی ٦٢ ساڵ بەسەر دامەزرانی کۆمار دا هێشتا کاریگەریی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان بە سەر بزوتنەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا دیارو بەرچاوە.

لە هەرێمی کوردستان دا دەبینین ئاڵاکە بەهێندێك دەسکارییەوە ئاڵای کۆمارە و ئامانجەکان هەر ئامانجەکانی کۆمارن و هەرێمی کوردستانیش وەك کۆمار بۆتە جێگای هۆمێدی هەموو بەشەکانی کوردستان.

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

ئەگەر ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی دا هەلومەرجی دوای شەڕی دووەمی جیهانییان بۆ دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دواتریش کۆماری کوردستان قۆزتەوە و شانازییەکی هەمیشە بەیادماویان بۆ نەتەوەی کورد تومارکرد، بزوتنەوەی کورد لە هەل و مەرجی ئێستاش دا توانیویەتی ژیرانە لە هاوکێشە سیاسی یە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان بە قازانجی بەرەو پێشبردنی ئامانجە ڕەواکانی

←

## بەرەو کۆنگرە

درێژەی لاپەڕی ١

و لەو دەگمەن بەڵگەو پەیمانە نووسراوانەیە کە ڕێکخراوێکی سیاسیی کوردی لەو دا پابەندیی خۆی بە ڕیفۆرم و ئاڵوگۆڕو نوێکردنەوە نیشان داوە. بوونی فەزایەکی فکری و سیاسیی ئەوتۆ کە لەودا ڕەخنە و بیروڕای ئازاد جێگەیەکی تایبەتیان هەیە، و لە ڕاستیدا هیچ گۆڕانکارییەك بەبێ ئەوان ناتوانێ پێك بێ، لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی ئەم قۆناخەیە. باڵادەست بوونی فەزایەکی ئەوتۆو ئەو بەرچاوڕوونی و دوورەدیمەنانەی هێڵە گشتییەکان دروستیان کردبوو بوونە هۆی ئەوە کە لەو ماوە کورتەدا کەشێکی پڕ لە گەنگەشەی سیاسی و فکری ڕیزەکانی حیزب بگرێتەوە، کۆمەڵە میکانیزم و گەڵاڵەیەکی ڕیفۆرمخوازانە و چاکسازیخوازانە بێنە گۆڕێ کە بەشێکی بەرچاویان پێوەندیییان بە ئامادەکارییەکانی کۆنگرەی چواردەهەمەوە هەیە.

کەواتە دەتوانین بڵێین کۆنگرەی چواردەهەمی حیزب کۆنگرەیەکە کە لەلایەك کارتێکەریی کەشی دوای لێکدابڕانی ڕیزەکانی حدکای پێوە دیارە و لەلایەکی دیکەشەوە لە فەزایەکی فکری و سیاسیی بە تەواوی جیاواز لە کۆنگرەکانی پێشووی حیزب ئامادەکاریی بۆ کراوە. هەر چەند لێرەدا دەرفەتی ئاوڕدانەوە لە هەموو ئەو ئامادەکارییانەی بۆ کۆنگرە کراون نیە بەڵام دەتوانین بە کورتی ئاماژە بە هێندێك لەوان بکەین کە بریتین لە: میکانیزمی نوێ و دێموکراتیك تر بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە، پێشنیار کردنی میکانیزمی نوێ بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ڕێبەری، دانانی میکانیزم بۆ بەشداریی ڕێژەیەکی بەرچاو لە لاوان و ژنان و دانانی میکانیزمی پێویست بە مەبەستی ئەسپاردنی کارو لێپرسراوی بە کەسانی شیاو و کارزان، نووسینەوەی بەرنامە و پێڕەو لە ڕوانگەیەکی نوێ و بە بارێکی نەتەوەیی زیاترەوە، داڕشتنەوە قەوارە و پێکهاتەی ئۆرگانەکانی حیزب بە ئاراستەی دابەش کردنی دێموکراتیك و ئاسۆیی دەسەڵات و....

بۆیە زیادمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین ئەم کۆنگرەیە لە هەموو بارێکەوە تاقیکارییەکی گرنگ و مێژووییە بۆ تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەلێك چاوەڕوانی و ئاوات و بەڵێنی لە خۆگرتوە. کۆنگرەش کاتێك دەتوانێ بە کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو بژمێردرێ کە توانیبێتی ببێتە سەکۆیەك بۆ گوڕبەخشین بە پرۆسەی ڕیفۆرم و نوێبوونەوە لە گوتارو پێکهاتە و سەرجەم لایەنەکانی کارو چالاکیی حیزب داو پراکتیزە کردنی ئەو بەڵێنانەی لە هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی ئێمەدا خراونەتە بەرچاوی بیروڕای گشتی.

## لە وڵامی بەڕێز دوکتور عەلیرەزا نووری‌زادە دا :



ماوەیەك لەمەوبەر دوکتور عەلیرەزا نووری‌زادە داوای لە لایەنەکانی حیزبی دیموکرات کرد کە بەگرتنی کۆنگرەیەکی هاوبەش ڕیزەکانیان یەك بخەنەوە. لەم پێوەندییەداو بۆ بە پیلەوە چوونی ئەم بانگەوازە دڵسۆزانەیە مامۆستا عبدالله حەسەن زادە نامەیەکی سەرئاوەڵای بۆ دوکتور نووری‌زادە نووسیوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

قسە دەرێ لە دڵ، دەچێتە نێو دڵ

جەنابی دوکتور نووری‌زادەی خۆشەویست!

بە گیان و بەدڵ گوێم بۆ بانگەوازی دڵسۆزانەی جەنابت بۆ یەکگرتنەوەی دووبارەی خەباتگێرانی دێموکرات و لەویش ئەولاتر یەکیەتیی ڕیزەکانی هەموو تێکۆشەرانی کورد ڕاگرت. دڵسۆزیی ئێوە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەباتگێرانی ڕێگای وەدیهێنانی مافەکانی خەڵکی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ گەشەکردن و پێشکەوتنی خەڵکی سەرانسەری ئێران دا نەك هەر بۆ من بەڵکوو بۆ هەموو لایەك ڕوون و حاشا هەڵنەگرە. کە وابوو زۆر سروشتی‌یە کە ئۆگرانی حیزبی دێموکرات داوا لە نووری‌زادە بکەن بە مەبەستی سارێژکردنەوەی ئەو برینانەی وە پەیکەری حیزبە خۆشەوستەکەیان کەوتوون کارێك بکا و هەنگاوێکی شیاو باوێ.

بە نوێنەرایەتی لەلایەن هاوخەباتەکانم لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا ڕێز لەو هەنگاوەتان دەگرم و بە بایەخەوە دەڕوانمە نیازپاکی و هەوڵی دڵسۆزانەتان. هەر لەو پێوەندی‌یەدا ئیشارە بە چەند شت دەکەم:

١ـ بۆ ئاگاداریی بەڕێزتان کەس لە حیزبی دێموکرات جیا نەبۆتەوە، بەڵام بە داخێکی زۆرەوە نزیکەی چاردە مانگ لەمەوبەر ئەم حیزبە تووشی لەتبوونێکی نەخوازراو بوو کە بۆ خەباتگێڕانی لە مێژینەی ئەم حیزبە لە هەموو کەس تاڵترو ناخۆشتر بوو.

٢ـ ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان هەرچی لە تواناماندابوو بەکارمان هێنا بۆ ئەوەی حیزب تووشی چارەنووسێکی ئەوتۆ نەبێ و لەو پێناوەدا داوای یارمەتیمان لە حیزبە دۆست و براکانیشمان کرد کە نێوبژیوانی بکەن. بەڵام بەداخەوە هەوڵەکانمان بێ‌ئاکام بوون چونکە دۆستانی بەرامبەرمان بە ئاشکرا هەر چەشنە نێوبژیوانی‌یەکیان ڕەت کردەوە.

٣ـ ئێستاش زۆرمان پێ‌خۆشە دۆستانی گەورەی وەك ئێوە بێنە نێوەوەو زەمینە بۆ یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی خەباتگێرانی دێموکرات پێك بێنن. بەو هیوایەی ئەم جارە لایەنی بەرامبەریش هەستی بە زەرەرو زیانەکانی لەتبوون کردبێ و مل بۆ نێوبژیوانیی دۆستان و دڵسۆزان رابکێشێ.

٤ـ دەبێ ڕاشکاوانە عەرزتان بکەم کە چاوەڕوانیی پێکهێنانی کۆنگرەی هاوبەش چاوەڕوانی‌یەکی واقعبینانە نیەو بە ئاسانی زەمینەکەی پێك نایە. بەڵام دڵنیا بن کە لە کۆنگرەی ئێمەدا جارێکی دیکە پێ لەسەر پێویستیی یەکیەتیی ڕیزەکانی خەباتگێرانی ڕێگای ئازادی بە تایبەتی هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ ڕێکخراوە خەباتگێرەکانی کوردستان و یەك لەوانیش هاوسەنگەرانی پێشوومان دادەگیرێتەوە. ئێمە هەر ئێستاش ئامادەی هاوکاری لەگەڵ هەموو حیزب و ڕێکخراوە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان و ئەگەر هەلومەرجەکە ئامادە بێ، تەنانەت یەکیەتیی ڕێکخراوەییش لەگەڵیانین و بە دڵنیایی‌یەوە لە داهاتووش دا لەو ڕێبازە لانادەین.

٥ـ خۆ ئەگەر لایەنی بەرامبەریش لە کۆنگرەی داهاتووی خۆی‌دا لەم ڕوانگەیەوە بڕوانێتە داهاتوو، ئەوە هەم ئیمکانی پێکهێنانی کۆنگرەی هاوبەش پێك دێ و هەم کۆمیتەی ناوەندیی هەردوولاش دەتوانن بەبێ پێکهێنانی کۆنگرە ئەرکی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات بەجێ بێنن.

٦ـ ئەوەی ئێستا هەم پێویستە و هەم دەکرێ وەدی بێ، دامەزراندنی پێوەندی‌یەکی سالم و دۆستانە و هاوکاریی دوولایەنەیە کە دەتوانێ وردە وردە زەمینەی یەکیەتیی تەشکیلاتییش پێك بێنێ. بەداخەوە لایەنی بەرامبەر تا ئێستا ملی بۆ دامەزراندنی پێوەندی‌یەکی لەو چەشنە ڕانەکێشاوە. ئەگەر جەنابت یان هەرکام لە ئۆگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو پێناوەدا دەست پێش بخەن دڵنیا بن لەگەڵ نیازپاکی و پێشوازیی گەرمی حیزبی ئێمە بەرەوروو دەبن. خۆ ئەگەریش هاوسەنگەرانی پێشووشمان ئەو ئامادەیی‌یە لە خۆیان نیشان بدەن، ئێمە زۆر خۆشحاڵ دەبین کە لە زووترین کات دا ئێوە لە نێو خۆمان دا ببینین و پێشنیارە بنیاتنەرەکانی بەڕێزتان بە جیددی تاوتوێ بکەین. بەو هیوایەی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزو ناسروشتی‌یە هەرچی زووتر کۆتایی بێ و دەست لە نێو دەستی یەك بەرەو داهاتوویەکی باشتر هەنگاو بنێین.

زۆر سوپاسی ئەو هەنگاوە دڵسۆزانەیەتان دەکەم و لەبەرەو پێش بردنی ئامانجە بەرزەکانتان دا سەرکەوتنتان بۆ بە ئاوات دەخوازم. گەرمترین سڵاوم قەبووڵ بکەن.

دۆستی دڵسۆزتان
عەبدوڵڵا حەسەن زادە
٨ی ڕێبەندانی ١٣٨٦(٢٨/١/ ٢٠٠٨)

**هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزب و کۆمەڵ بخەینە گەڕ**

# هەواڵەکان

**تێکۆشەرانی ڕێکخستنی نهێنیی نێوخۆ یادی کۆماری کوردستانیان کردەوە**

لە بەرەبەری شەستودووهەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا، ئەندامان، دۆستان و لایەنگرانی خەباتگێڕو نیشتمانپەروەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە زۆربەی شارو شارۆچکەو دیهاتەکانی کوردستان بە شێوازی جۆراوجۆر، یادی دامەزرانی کۆماری کوردستانیان بەرزو پیرۆز ڕاگرتو بەڵێنیان لەگەڵ ڕێبەرانی کۆماری کوردستان نوێ کردەوە کە تا وەدیهاتنی ئامانجە بەرزەکانی کۆمارو ڕێبەرە بلیمەتەکەی، پێشەوا قازی محەممەد درێژە بە خەبات دەدەنو ئەمەگناسیو وەفاداریی خۆیان بە دەسکەوتە بەنرخەکانی کۆمار نیشان دایەوە. تێکۆشەرانی ڕێکخستنی نهێنیی نێوخۆ بە بڵاوکردنەوەی تراکتو بڵاوکراوەکانی تایبەت بە ٢ی ڕێبەندانو هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە شەقامو گەرەکە سەرەکییەکانی شارەکانی کوردستانو هەروەها لە ئاوایییەکانو ڕێگای بەینی شارەکان، سەری ڕێزو نەوازشیان بۆ کۆماری کوردستان دانەواند.

ئەو شارو ناوچانەی چالاکیی تەبلیغیی ئەندامانی حیزبیان لێبەڕێوە چوو، بریتی بوون لە:

**بۆکان:** فەلەکەی ئەسکەندەری، فەرمانداری، بانکی کەشاوەرزی، مەجبووراوا،

**میاندواو:** شەقامەکانی تاڵەقانیو ١٧ی شەهریوەرو دەوروبەری ئیتیلاعاتو هەروەها جادەی میاندواو - بۆکانو ئاوایییەکانی گامێشگۆلی، سەراو ڕەحیم خان، قەڵا، برایماباد، گوێگجەلی، مشیرئاباد، ئەرمەنیبلاغی، قەڵای حوسێن ئاباد، شیناوا، ئەسکەنەرئاباد،

**مەهاباد:** دۆڵی کەروێشکە، بەهارستان، تەپەی قازی، مەیدانی شۆڕش، زەمینەکانی شارەداری، فەلەکەی دەنگو ڕەنگ، پشتەپ، پشتی نەخۆشخانە، باغی شایگان، مەیدانی ئاردی، مەلاجامی، گەرەکی ئەرمەنیان، جامی جەم،

**سەقز:** ئاوایییەکانی ناوچەی فەیزوڵلابەگی، دۆزەخدەرە، کارێزە، بلواری بانە، وەحدەتو گەرەکەکانی شاناز، کەریماواو حاجیاوا،

**مەریوان:** جادەی کەمەربەندیی ١ و ٢، کۆنەدێ، دەوروبەری مزگەوتی نەبیو هەروەها هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە قەراغ ئاوایی دگاگا،

**سەردەشت:** گەرەکی جانبازان، سێڕای مارەغان، حەمامی شکۆفە، گەرەکی حەسەنی، پشتی نەخۆشخانە، دەوروبەری مزگەوتی سوور، گەرەکی پادگان، دۆلفانجك، سێڕای ژاژۆکە، گردەسوور، شەقامی کەمەربەندی، فەرمانداری، گەرەکی فەرهەنگیان، نێزەرۆ، کۆڵانی ئیستادیۆم، کۆڵانی تەربیەت بەدەنی،

**ڕەبەت:** ئاوایییەکانی وەڵیو، بناویلە، سیسێر، نەستان، نەڵاس، واوان، میراوێ، بریسوێو بێزیلێ،

**سنە:** چیای ئاویەر، بان شیلانە، تاقەدار، ئەمانیە، گوێزەکوێر، مەیدانی ئێقباڵ، شەقامەکانی حەسەن ئاواو سەفەریو هەروەها گەرەکەکانی کەڵەکەجاڕو حاجیاوا.

پێویستە بگوترێ خەڵکی نیشتمانپەروەری شاری شنۆش بەسەردانی مەزاری شەهیدانو ئاگرکردنەوەو بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبی، یادی ٢ی ڕێبەندانیان بەرز ڕاگرت.

## سەردانی شاندێکی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لە دەفتەری سیاسیی حیزب



ڕۆژی چوارشەممە (٣ی ڕێبەندان) شاندێکی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتیی کاك بابا شێخ حسێنی سکرتێری گشتییو ئەندامەتیی بەڕێزان بێهروز ئەردەڵان، کامیل چاپاش، محەممەد محەممەدی ئەندامانی کومیتەی ناوەندیو عەلی بەهرامی ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد.

ئەم شاندە لەلایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کەسایەتیی ناسراوی حیزبی دیمۆکرات، حەسەن ڕەستگار، کەماڵ کەریمی، عومەر باڵەکی لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و خالید وەنەوشە جێگری بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە هەولێر پێشوازییان لێ کرا.

لە دانیشتنی نێوان هەر دوو لا دا کۆمەڵێك بابەتی وەك بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ناوچە و ڕۆژهەڵاتی کوردستان خرانە بەرباس و بیروڕایان لەو بارەیەوە گۆڕدرایەوە.

## چاوپێکەوتنی هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەگەڵ ڕێبەرایەتیی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١١ی ڕێبەندان هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کە پێك هاتبوو لە بەڕێزان عومەر شاداب لێپرسراوی ناوەندی ٣ی کوردستان، کەریم ئەڵڵاوەیسی ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزب لە وڵاتی نۆروێژ، خالید وەنەوشە جێگری لێپرسراوی حیزب لە هەولێرو عوسمان عەبباسی کادری پێوەندییەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان سەردانی مەکتەبی ساسیی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستانیان کردو پیرۆزبایی ١٣ەمین ساڵرۆژی دامەزرانی پارتەکەیان پێڕاگەیاندن و سەرکەوتنی هەرچی زیاتر بۆ خزمەت بە جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کوردیان بۆ بە ئاوات خواستن. هەیئەتی حیزب لە لایەن هاوڕێ باپیر کاکە مەلا سکرتێرو کارگێڕو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیان پێشوازییان لێکرا. هەروەها لەو دانیشتنەدا کۆمەڵێك پرسی گرینگی کوردستان و ناوچە خرانە بەر باس و ئاڵوگۆڕی بیرو رایان لە سەر کرا.

## کۆچی دوایی پێشمەرگەیەکی لاو



شەوی دووشەممە، ١ی ڕێبەندان پێشمەرگەیەکی بە ئەمەگی دێموکرات بە ناوی هەژاری خەلیلی پاش چەند ڕۆژ بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ بە هۆی نەخۆشییەکی کوتو پڕ کۆچی دوایی کرد.

کاك هەژار، لە بنکەی پارێزگاری رادیۆدەنگی کوردستان دا خزمەتی دەکردو کوڕێکی ڕۆح سووكو بە ئیمان بوو، هەمیشە دەم بە پێکەنین بوو. تەرمی کاك هەژار ڕۆژی سێ شەممە ٢ی ڕێبەندان بە دوای تێپەڕاندنی قۆناغەکانی ئیداریو ڕێورەسمی ئایینی لەسەر داواکاری بنەماڵەکەی بە ئامادە بوونی ژمارەیەك لە بەرپرسانو کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی شیاو بەرەو شوێنی لەدایك بوونی واتە پیرانشار بەڕێ کرایەوە. بە گوێرەی هەواڵێك کە لەو پێوەندییەدا لە پیرانشارەوە بە دەستمان گەیشتوە، ڕێژیم تەنیا بەو مەرجە ئیزنی داوە کە تەرمی هەژاری جوانە مەرگ لە گۆڕستانی پیرانشار بەخاك بسپێردرێ کە خەڵك لەو ڕێورەسمەدا بەشدار نەبنو حەقیشیان نەبێ کە مەجلیسی پرسەو سەرەخۆشیی بۆ دابنێن.

"کوردستان" بەم بۆنەوە سەرەخۆشیی خۆی پیشکەش بە بنەماڵەو کەسوکاری هەژار خەلیلیو هاوسەنگەرانیو هەموو خەڵکی ناوچەی پیرانشار دەکاو خۆی لە خەمو پەژارەیاندا بە شەریكو بەشدار دەزانێ.

هەر لەو پیوەندیەدا ڕۆژی چوارشەممە ٣ی ڕێبەندان مەجلیسێکی پرسەو سەرەخۆشی بە بۆنەی کۆچی دوایی هەژاری خەلیلی جوانەمەرگەوە لە یەکێك لە ساڵونەکانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو. ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیو کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بە بەشداری لەو پرسەیەدا ئەمەگناسیی خویان بەرامبەر بە ڕۆحی پاکی هەژار خەلیلیو هەموو ئەو کەسانەی کە لە ریزی شۆڕش دا گیانیان بەخشیوە، نیشان دا .

## پەیوەست بوونی پۆلێکی دیکە لە لاوانی نیشتمان بە ریزەکانی حیزبی دێمۆکراتەوە

دەورەی سەرەتایی ١٨٢ی فێرگەی سیاسی نیزامی پاش چەند مانگ ڕاهێنانی پۆلێك لە لاوانی بە هەست و نیشتمانپەروەر، بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێهات.

هەر بەم بۆنەیەوە شەممە ڕێکەوتی ١٣ی ڕێبەندان، جەژنێك لە بنکەی دەفتەری سیاسی پێکهات کە تێیدا بەشداربووانی دەورەو ژمارەیەك لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەشدار بوون. ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و ڕێزەی بەشدارانی دەورە دەستی پێکرد. پاشان بەڕێز ڕامبود لوتفپووری ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی وتەیەکی پێشکەش بە بەشداران کرد. سروودی دوژمن شکێنی "لە قەندیلی سەربەرزەوە" بە دەنگی قادر سەلیمیان، لە بەشدارانی دەورە ڕازێنەری بەشێکی دیکەی ڕێورەسمەکە بوو. بە دوای ئەودا بەڕێز جەعفەر ڕەسوولپوور، ڕاپۆرتی ئامووزشیی فێرگەی خوێندەوە کە



ئاماژەی بە وانە سیاسی و نیزامییەکانی دەورەو ئاستی بەشداریی لاوانی دێمۆکرات کردبوو. دواتر گۆرانیی "خاکی کوردستان" بە دەنگی بلاوێنی یەکێك لە بەشدارانی دەورە بە ناوی سالار یەعقووبی پێشکەش کرا. پەیامی سپاس و پێزانینی بەشدارانی دەورە لە لایەن سەدیق سۆفیزادەوە خوێندرایەوە کە بۆخۆی لە دەورەکەدا بەشدار بوو.

چەند کەس لە بەشداران کە نێونجی نمرەکانیان لە سەرەوەتر بوو و هەروەها بە نەزمترین بەشداربووان خەڵاتیان پێشکەش کرا.

ڕێورەسمەکە لە نێو شایی و خۆشی و هەڵپەڕکێ دا کۆتایی پێهات.

دریژەی

## پەیامی دەفتەری سیاسی بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان....



کەڵك وەرگریو مەسەلەی کورد وەك مەسەلەی نەتەوەیەکی دەیان میلیونی کە بۆ وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەبات دەکا بە دنیا بناسێنێ. هەر بە کەڵك وەرگرتن لەو هاوکێشە سیاسیانەیە کە بزووتنەوەی کوردلە باشووری کوردستان بەشێکی بەرچاو لە مافە نەتەوایەتییەکانی کوردی لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵ دا بەدەست هێناوەو وەك فاکتەرێکی بەهێز لە مەسەلە چارەنووس سازەکانی ئەم وڵاتەدا حیسابی لەسەر دەکرێ.

بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ئەمڕۆ ڕەوتێکی روو بەگەشەی گرتۆتەبەر، وشیاریی سیاسیو هەستی نەتەوایەتیو یەکگرتوویی و هاوپێوەندیی نەتەوەیی لە هەموو وەختێك بەهێزترەو کورد بە ڕەو ئەوە دەڕوا کە وەك نەتەوەیەکی خاوەن هەموو سروشتێکی نەتەوەیی، خۆی بە خەڵکی دنیاو کۆروکۆمەڵەسیاسییە جیهانییەکانو ناوەندەکانی دەسەڵات بسەلمێنێ. بۆیە ئێمە بە هومێدەوە دەڕوانینە دوا ڕۆژی گەلەکەمان و هیوادارین زۆر نەخایەنێ گەلی کورد لە سێبەری هاودەنگیو هاوخەباتی دا بە هەموو مافە ڕەواکانی بگاو جارێکی دیکە و ئەمجارە بۆ هەمیشە شانازی یەکانی کۆماری کوردستان زیندوو بکاتەوە.

تێکۆشەرانی دێموکرات!

حیزبەکەمان حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەلو مەرجێك دا یادی کۆماری کوردستان دەکاتەوە کە خۆی بۆ پێکهێنانی چاردەیەمین کونگرەی خۆی ئامادە دەکا، کۆنگرەیەك کە هیوادارین کونگرەی بووژانەوەو گەشانەوەو نوێ بوونەوەو بەخۆدا چوونەوە بێ. حیزبەکەمان بەدەستی پێشەوای شەهید قازی محەمەد سەرۆکی کۆماری کوردستان دامەزراوەو لە سەردەستی سەرداری ناوداری کورد دوکتور قاسملووی شەهید نوێ کراوەتەوە. شانازییەکی گەورەیە کەئێمە قوتابیی مەکتەبی ئەو گەورەپیاوانەو میراتگری ئەو ریسالەتە مێژووییە بین.

ئێستا کە کونفرانسەکانی پێش کۆنگرە گیراونو نوێنەرانی ئێوە بۆ کونگرەی چاردەهەم هەڵ بژێراون با هەوڵ بدەین بە ئامادەیی تەواوەوە بچینە ئەو کۆبوونەوە مێژوییو چارەنووس سازە، با هەوڵ بدەین حیزبێك کە بە دامەزرانەکەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کوردی خستە سەر ڕێبازێکی تازەو لە دەورانی بووژانەوە بە ڕێبەرایەتیی قاسملووی بلیمەت دا زۆر شتی تازەی هێنایە نێو ئەو بزووتنەوەیەوە، هەمیشە لە نوێ بوونەوەو بەرەو پێش چوون دا بێ و هەمیشە شتی تازەی پێ بێ، تا هەمیشە جێی هومێدو باوەڕو متمانەی کۆمەڵانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ. گیانی بەرزی پێشەوای نەمرو هەموو دامەزرێنەرانو ڕێبەرانی شەهیدمان ئەوەمان لێ دەخوازنو وەفا بۆ ئەو نەمرانە درێژەدانی ڕێگایانو گەشەپێدانی خەباتو وەدیهێنانی ئاواتەکانیانە. سڵاو لە یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان ئەستێرەی پرشنگداری ئاسمانی مێژووی خەباتی نەتەوەییمان.

نەمری بۆ گیانی پێشەوا قازی محەممەدو هەموو دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان

سڵاو لە گیانی پاکی هەموو شەهیدانو لە ریزی پێشەوەیان سێ ڕێبەری شەهید قازی، قاسملووو شەرەفکەندی.

شەکاوە بێ ئاڵای خەبات بۆ وەدیهێنانی دێموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد.

بژی خەباتی هاوبەشی هێزە دێموکراتییەکانی کوردو هەموو نیشتمانپەروەرانی پێشکەوتنخوازی ئێران.

نەمان بۆ دیکتاتوریو کۆنەپەرستی

دەفتەری سیاسیی
حیزبی دێموکراتی کوردستان
٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٦ی هەتاوی
٢٢ی ژانویەی ٢٠٠٨ی زایینی

## بەڕێوەچوونی کۆڕێك لە ژێر ناوی "کۆماری کوردستان ئاکامی گەشەسەندنی ناسیۆنالیزمی کورد"

ڕۆژی ٣٠ی بەفرانبار، کۆمیسیۆنی پەروەردەو فێرکاریی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، کۆڕێکی لە ژێر ناوی " کۆماری کوردستان، ئاکامی گەشەسەندنی ناسیۆنالیزمی کورد" بۆ بەڕێز سمایل بازیار، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێکهێنا. لەو کۆڕەدا کە بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و کادرو پێشمەرگەکانی حیزب پێکهات، کاك سمایل وێڕای هەڵسەنگاندنی بارودۆخی نێوخۆیی و ناوچەیی و نێونەتەوەیی سەردەمی کۆماری کوردستان، ئاماژەی بە ڕەوشی دواکەوتویی و ناتەبایی نێوخۆ کردو گوتی لەو سەردەمەدا کە دەرەبەگ و ئاغاکان لەکوردستان باڵادەست بوون، پێشەوا ڕۆڵێکی گرینگ و مێژوویی گێڕاو بەوپەڕی لێوەشاوەیی و زیرەکی توانی لە بەشێکی کوردستان دا دەسەڵاتێکی کوردی دامەزرێنێ و ئەزموونی حکوومەتداریی کورد و سەرکەوتنی ئەو ئەزموونە بۆ جیهان بسەلمێنێ. کاك سمایل قۆناغی دامەزرانی کۆمەڵەی (ژ - ك) و پاشان حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی وەك پەڕینەوە لە سوننەت بۆ مۆدێڕنیتە ناو بردو گوتی هەموو ئەوانە هەوڵێك بوون بۆ ئەوەی نەتەوە وەك دیاردەیەکی سیاسی لە کوردستان دەرکەوێو لەو ئینتما خێڵەکییە بتەکێتەوە. بە گوتەی بەڕێز بازیار کۆمەڵەی (ژ - ك) پشتیوانی لە چەشنە ناسیۆنالیزمێك دەکرد کە تەواو سیاسی - مەدەنی بوو. واتە بە پێچەوانەی پێشوو، پەنا بۆ چەك نابرێ و زیاتر هەوڵ بۆ بردنە سەری ئاستی وشیاریی کولتووری و نەتەوەیی دەدرێو لە دایکبوونی حیزبی دێمۆکراتیشی وەك لوتکەی بە مەدەنی بوونی ناسیۆنالیزمی کوردی پێناسە کرد. ناوبراو بەم شێوەیە باسی دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستانی کرد: سیستمی حکوومەتی بە شێوەی کۆماری بەڕێوە دەچوو، سیستمی پەروەردە وماڵیاتی مۆدێڕن دامەزرا، سروود و ئاڵاو زمانی نەتەوەیی و کەشی دێمۆکراتیك و جیا کردنەوەی دین لە سیاسەت، دابینکردنی ئەمنیەت و ئاسایش، دامەرزاندنی نیهادە کولتوورییەکان وەك رادیۆ و ڕۆژنامەو ...

لە کۆتایی دا بەشداربووان بە پرسیارو تێبینییەکانی خۆیان کۆڕەکەیان دەوڵەمەندتر کرد، کە پرسیارەکان لە لایەن کاك سمایلەوە وڵام درانەوە.

# هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی‌دا نابێتە سەرچاوەی گۆڕان

مستەفا مەعرووفی

لە ٢٤ی ڕەشەمەی داهاتوودا هەڵبژاردنی نوێنەرانی هەشتەمین دەوری مەجلیسی شوورای ئیسلامی بەڕێوە دەچێ، مەجلیسێك کەتا ساڵی ١٣٦٨ لە دەقی قانوونی ئەساسی‌دا ناوی "مەجلیسی شوورای میللی"ی لە سەر بوو بەڵام ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی قەت ناوی مەجلیسی شوورای میللی‌یان بە سەر زاری دا نەهات‌و لەو ساڵەدا لە پێداچوونەوە بە سەر قانوون دا کردیانە" مەجلیسی شوورای ئیسلامی". ئەم مەجلیسە تاقە ئۆرگانی هەڵبژێردراو لە کۆماری ئیسلامی‌دا نیە، هەرچەند شارو دێهاتی ئێران بە پێی سیستمی شوورایی بەڕێوە ناچن بەڵام بە گوێرەی قانوونی ئەساسی لە ڕێگەی هەڵبژاردنی شوورای شارو شارەوانی‌و گوندەکانەوە شوورای ئوستانی هەڵ دەبژێردرێ. لە کۆماری ئیسلامی‌دا وەك هەموو ڕێژیمێکی کۆماری سەرکۆماریش هەڵبژاردنی بۆ دەکرێ‌و بە دەنگی ڕاستەوخۆی خەڵك ئەو پۆستە وەردەگرێ. هەڵبژاردنی ئەم چەند ئورگان‌و نیهادانە لە گەڵ هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگانی ڕێبەری کە هەراو هوریایەکی تەبلیغاتیی کەمتری لە گەڵە ـ تورکیەی لێ دەرچێ ـ لە رووی هەڵبژارنەوە ئێرانی تا ڕادەیەك لە وڵاتانی ناوچە جیا کردۆتەوە.

سەرەڕای‌ئەو هەڵبژاردنە جۆراوجۆرانەش دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دوای٣٠ ساڵ تەمەنی ئەم ڕێژیمە هەر ئەوانەن لە سەرەتاوە دەسەڵاتیان لە دەستی خۆیان دا پاوان کرد. هۆی لەگەڕ کەوتنی دەسڵاتداران لە کۆماری ئیسلامی‌دا نەك هەڵبژاردن بەڵکوو مردن یان وەدەرنانی یەکتر لە گەڕی دەسەڵاتە. سەرەڕای ئەو هەڵبژاردنانە ئیدئۆلۆژی‌یەکە هەر ئەو ئیدئۆلۆژی‌یەیە کە لە ساڵی ١٣٥٨دا بە دەنگی زۆرینە هاتە سەرکارو ئێستا بە دەنگی زۆرینەش ئیمکانی لاچوونی نیە. ئەگەر فەلسەفەی هەڵبژاردن لەوەدایە کە خەڵك دەرفەتی هەڵبژاردنی سیستمێکی باشترو دەسەڵاتدارانی باشتریان هەبێ بۆ ئەوەی ژیانێکی باشترو ئەمین‌ترو داهاتوویەکی ڕوونتریان هەبێ، هیچ کام لەو هەڵبژاردنانە ئەو ئامانجەیان نەپێکاوە. تەنانەت ئەوەندە ئەمنیەت‌و ریفاهە نیسبی‌یەش کە پێشتر هەبووە لە دەست چووە.

لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین بزانین، باشە ئەگەر ئەو هەڵبژاردنانە بەتایبەتی هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورای ئیسلامی کاریگەری‌یەکی موسبەتیان لە سەر ژیانی خەڵك نیەو ئاڵوگۆڕێك لە هەلومەرجی وڵاتدا پێك ناهێنن بۆ بەڕێوە دەچن؟ ئەگەر بەڕێوە دەچن بۆ نابنە سەرچاوەی گۆڕان؟ و بزانین کێ سوود لەو هەڵبژارنانە دەبینێ؟ لە ریفراندۆمی رۆژەکانی ١٠و١١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨دا کە ئایەتوڵڵاخومەینی تاقانە سیستەمەکەی "کۆماری ئیسلامی"ی خستەبەر ڕاپرسیی خەڵکی ئێران‌و زۆرینەی دەنگی هێنایەو، هەرلە سەرەتاوە ناتەبایی‌یەك لەگەڵ ئەو سیستمە لەدایك بوو. ئەو ناتەباییە لە دوو وشەی سیاسی(کۆماری )و ئایینی (ئیسلامی)دا خۆی دەنواند. کاتێك ئەو سیستەمە سەرکەوتو پراکتیزە کرا لە بنیاتنانی ئۆرگانەکانی حکوومەتیی کۆماری ئیسلامییشدا ئەو ناتەبایی‌یە ڕەنگی دایەوە. لایەنی ئایینی کە نێوەرۆکی ئەسڵیی سیستەمەکەو مەرامی ئەسڵیی دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامی بوو، بووبە تەوەرەی چەند نیهادو ئۆرگانی وەك: ویلایەتی فەقیه ، شوورای نیگابان، مەجلیسی خیبرەگانی ڕێبەری، نیهادە ماڵی‌یەکانی وەك




" آستان قدس رضوی" بنیاتی مستضعفان"و هێزە نیزامی‌یەکانی وەك سوپای پاسداران‌و بەسیج‌و... لایەنە سیاسی‌یەکەی واتە سێبەرو پەراوێزی تەوەرەی یەکەم، بووبە تەوەرەی چەند ئۆرگان‌و پۆستی حکوومەتی کە لە لایەن ئۆرگانەکانی تەورەی یەکەمەوە ڕێك دەخران. ئەو پۆست‌و ئورگانانە بریتی‌بوون لە سێ هێزی قانوون دانان، بەڕێوەبردن و دادوەری‌و سەرکۆمارو شووراکان. ئەم دوو تەوەرە لە ڕاستی‌دا دوودەوڵەتن کە دەکرێ پێیان بڵێین دەوڵەتێکی دەسەڵاتدارو دەوڵەتێکی بێ دەسەڵات. تەواوی هەڵبژاردنەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتە بێ دەسەڵاتەکەدا ـ جگە لە دەسەڵاتی قەزایی ـ بەڕێوە دەچن‌و ئەو نیهادو ئۆرگانانەی کەتەواوی دەسەڵات‌و چارەنووسی کۆماری ئیسلامی‌یان تێدا کۆبۆتەوە هیچ کامیان بە گوێرەی قانوونی ئەساسی هەڵبژاردنیان بۆ ناکرێ‌و هەربۆیەش پێیان دەگوترێ ئۆرگانە هەڵنەبژێردراوەکان. مادام ئەم ئۆرگانانە دەستی هەڵبژاردنیان ناگاتێ‌و کاربەدەستانی سەرەکی ناکەونە بەر پێشبرکێی هەڵبژاردنەوە تا نەدۆڕێن، هەڵبژاردن جگە لە قازانج زیانێکی بۆوان نیە. جگە لە مەش ئایەتوڵڵا خومەینی‌و هاوفکرەکانی وشەی "کۆماری‌یان لە بەر ئەوەی لە گەڵ سیستەمە ئایینی‌یەکەیان خست تاکوو یەکیەتیی دین‌و سیاسەت یان بە وتەی ئایەتوڵڵا مودەڕیس "سیاسەتی ئێمە هەمان دینداریی ئێمەیەو دینداریی ئێمە هەمان سیاسەتی ئێمەیە" بسەلمێنن. نەدەکرا سیستەمێك کۆماری بێ بەڵام هەڵبژاردنی تێدا نەبێ، نەدەکرا سیستەمێك پارلمانی تێدا بێ بەڵام هەڵبژاردنی بۆ نەکرێ.

به گوێرەی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی تەواوی دەسەڵات لە ئۆرگانە هەڵنەبژێردراوەکان دا کۆبۆتەوە. با لەوەش گەڕێین کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی زیاتر لەوەش کە قانوون بۆی دیاری کردوون پێ ڕادەکێشن ئۆرگانە هەڵبژێردراوەکان دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نیە. هەر بۆیەش هەڵبژاردنەکان نابنە سەرچاوەی ئاڵوگۆڕ.

به گوێرەی قانونی ئەساسی بەشێك لە برگەکانی دەسەڵاتی وەلیی فەقیه کە هەڵ نابژێردرێ ئەمانەن: "دیاریکردنی سیاسەتەگشتی‌یەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ... فەرمانی ڕاپرسیی گشتی،.... فەرماندەیی تەواوی هێزە چەکدارەکان.... ڕاگەیاندنی شەڕو ئاشتی.... دانان‌و لە سەر کار لابردن‌و قبووڵی دەست لە کارکێشانەوەی: فەقێیەکانی شوورای نیگابان، بەرزترین پلەی دەسەڵاتی قەزایی سەرۆکی ڕێکخراوی دەنگ‌و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئیمزای حوکمی سەرکۆمار.... لابردنی سەرکۆمار" (ئەسڵی١١٠). ئامانجی هەڵبژاردن ئەوەیە کە خەڵکی وڵات کەسانێك ـ نەك کەسێك ـ هەڵ ببژێرن کە ئەو ئۆرگانانە بەڕێوەبەرن‌و ئەو بڕیارانە بدەن کە لە ئێران‌دا کەسێك بە تەنیا بەڕێوەیان دەبا بێ ئەوەی هەڵ ببژێردرێ.

پاشان ئۆرگانە هەڵبژێردراوەکان لە لایەن ئۆرگانە هەڵنەبژێردراوەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێن‌و تەنانەت چۆنیەتیی هەڵبژاردنیان دیاری دەکرێ: مەجلیسی شوورای ئیسلامی وەك گرنگترین ئۆرگانی هەڵبژێردراو"بە بێ بوونی شوورای نیگابان لە رووی قانوونەوە ئیعتباری نیە..." (ئەسڵی ١٩٣ی قانوونی ئەساسی). شوورای نیگابان کە ئۆرگانێکی هەڵنەبژێردراوە لە ٦مافناس‌و٦ فەقیه (زانای ئایینی) پێك هاتوە کە ڕێبەرو سەرۆکی دەسەڵاتی قەزایی دیاری‌یان دەکەن (ئەسڵی ١٩١) هەر بەپێی ئەم ئەسڵە تەواوی بڕیارو پەسندکراوەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی دەبێ لە لایەن شوورای نیگابانەوە تەئید بکرێن ئەگینا ڕەت دبنەوە یان بۆ دواجار ڕەوانەی ئۆرگانێکی دیکەی هەڵنەبژێردراو بە ناوی" کۆری دیاریکردنی بەرژەوەندی‌یەکانی نیزام" دەکرێن‌و دوایین بڕیاریان لە سەر دەدرێ. ئەم ئۆرگانە بە سەرۆکایەتیی هاشمیی ڕەفسەنجانی بەڕێوە دەچێ. دیاری کرانی ڕەفسەنجانی بە سەرۆکایەتیی " کۆری دیاریکردنی بەرژەوەندی‌یەکانی نیزام" بۆ خۆی داستانێکی سەیروسەمەرەیە: لە هەڵبژاردنەکانی دەوری شەشەمی مەجلیس دا کە ڕەفسەنجانی بە حاڵە حاڵ وەك دوایین کەس لە تاران بۆ نوێنەرایەتیی مەجلیس هەڵبژێردراو بە هۆی ئەو دەنگە کەمەی هێنایەوە، هەستی بەوە کرد کەسووکایەتیی پێ‌کراوە لە چوون بۆ مەجلیس خۆی پاراست. پاشان نەدەکرا دەسەڵاتدارێکی بەهێزی وەك ڕەفسەنجانی پشت گوێ بخرێ، کردیانە سەرۆکی ئەو ئۆرگانە کە دوایین بڕیار لە سەر پەسندکراوەکانی مەجلیس دەدا!! سەیر لەوە دایە ئەو کاتەی خەڵك نەیان دەویست مۆرەیەکی بەهێزو دەسەڵاتداری وەك ڕەفسەنجانی ڕێی بکەوێتە مەجلیس، کرا بە سەرۆکی ئۆرگانێك کە دەسەڵاتی نەك لە نوێنەرێکی مەجلیس تەنانەت لە سەرۆکی مەجلیس زیاترە. کەوابوو ئەو هەڵبژاردنانە نەك هەرنابنە هۆی گۆڕان بەڵکوو لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بەم چەشنە گاڵتەیان پێ دەکرێ.

بەو حاڵە کێ سوود لەو هەڵبژاردنانە وەردەگرێ؟ ئەم هەڵبژاردنانە ئەگەر سوودیان بۆ کەس تێدانەبوایە بێگومان هەر لە سەرەتاوە دەخرانە پشت گوێ. هەروەك گوتمان ئەم هەڵبژاردنانە سوودێکیان بۆ کۆمەڵانی خوازیاری گۆڕان کە زۆربەی خەڵکی ئێران پێك دێنن، نیەو ئاڵوگۆڕێکی موسبەت لە ژیانی ئەوان دا پێك ناهێنێ. تەنیا ڕێبەانی کۆماری ئیسلامی‌و ئۆرگانە هەڵنەبژێردراوەکان کە دەسەڵاتی ئەسڵی‌یان بەدەستە سوود لەو هەڵبژاردنانە دەبینن کە دەکرێ لە چەند خاڵ دا ئاماژەی پێ بکرێ:

ــ بە گەرم کرانی بازاڕی هەڵبژاردنەکان‌و ڕاکێشانی خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان دەیانەوێ کەف‌و کوڵی ئازادیخوازی بەوەندە دەرفەتە بەر تەسك‌و کەمە دابمرکێنن‌و رقەبەرایەتی‌یەکی "کاذب" لە نێوان ئەو کاندیدایانەدا پێك بێنن کە سەربەیەك بیروباوەڕو ڕێژیمن.

ــ ڕێبەرانی ڕێژیم ژێستی دێموکراسی بەو هەڵبژاردنانەوە دەگرن بە تایبەتی ئەو کاتەی بتوانن خەڵکێکی زیاتر بکێشنە سەر سندووقەکانی دەنگدانەوە. تەنانەت زۆر جار کار بەدەستانی ڕێژیم ڕادەی بەشداریی خەڵك لە گەڵ ڕادەی بەشداری خەڵك لە وڵاتانی دێموکرات‌و پێشکەوتوودا بەراورد دەکەن کە هێندێکیان جاری وایە ڕێژەی بەشداران لە ٥٠٪یش کەمترە!

ـ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی کە بە فرت‌و فێڵ‌و تەنانەت زۆر جار بەزۆرەملی خەڵك دەبەنە سەر سندووقەکان، ئەو دەنگانەی لە سندووقەکان داوێژرێ بە حیسابی دەنگدان بە تێکرای ڕێژیمیان دادەنێ‌و دەنگدەران بە پشتیوانی ڕێژیم لە تەواوەتیی خۆی لە قەڵەم دەدا.

ـ بە ڕاکێشانی خەڵك بۆ سەر سندووقەکان‌و گەورە نیشاندانی بەشداریی خەڵك دەیانەوێ ڕادەی نفووز لە نێو کۆمەڵانی خەڵك داو ڕادەی پشتیوانیی ئەوان لە کۆماری ئیسلامی بە دنیای دەرەوە بە تایبەتی بەو وڵاتانەی کە دژایەتی لە گەڵ ئەو ڕێژیمە دەکەن نیشان بدا.

کە وابوو بەشداری لە هەڵبژاردن دا جگە لەوەی کە گۆڕانێکی موسبەت لە ژیانی خەڵك، لە سیستەمی دەسەڵاتدارو لە مۆرە دەسەڵاتدارەکان دا پێك ناهێنێ، دەبێتە ئامرازێکی مەشرووع لە بەر دەستی کەسانێك دا کە بە نامەشرووع سێ دەیەیە تەواوی دەسەڵاتی خەڵکی ئێرانیان بە دەستەو ئەوانیان لە تەواوی ئەو سوودو قازانجانە بێبەش کردوە کە هەڵبژاردنێکی ئازادو دێموکراتیك هەیەتی.

**هۆی لەگەڕ کەوتنی دەسڵاتداران لە کۆماری ئیسلامی‌دا نەك هەڵبژاردن بەڵکوو مردن یان وەدەرنانی یەکتر لە گەڕی دەسەڵاتە**

**بەشداری لە هەڵبژاردن دا جگە لەوەی کە گۆڕانێکی موسبەت لە ژیانی خەڵك، لە سیستەمی دەسەڵاتدارو لە مۆرە دەسەڵاتدارەکان دا پێك ناهێنێ، دەبێتە ئامرازێکی مەشرووع لە بەر دەستی کەسانێك دا کە بە نامەشرووع سێ دەیەیە تەواوی دەسەڵاتی خەڵکی ئێرانیان بە دەستە**

# جۆرج بووش و وڵاتانی عەرەب و دوستایەتیی لە مێژینە!

**و: لە ئینگلیزییەوە: موعتەسەم نوورانی**

***"هێندێك لە وڵاتانی عەرەبی پێش ئەوەی بزانن کارەکانی جۆرج بووش راستن یا نا؟ وەباڵی ئەو لە ملیان دەدەن"***

لە ماوەی نیو سەدە هەڵسوکەوتی ئامریکا لە گەڵ وڵاتانی عەرەب دا، سەرکردەکانی ئەمریکا هەولّیان داوە بە باشترین شێوە لە گەڵ وڵاتانی عەرەبی دۆستایەتی بکەن و پێوەندیە سیاسی‌یەکانیان گەرمو گۆڕ رابگرن، چونکە وڵاتانی عەرەب بە گشتی دەوڵەمەندن و، لە ناوچەیەکی گرنگی جوغرافیای‌دا هەڵکەوتوون. هەر بۆیەش لە لایەن ئەمریکاوە گرینگی-یەکی تایبەتیان پێ دراوە. ئەوانیش بە تەواوی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکایان پاراستوەو هەولّیان داوە کە ئەو دۆستایەتی‌و پێوەندییانە بە باشی بڕواتە پێش. لەو بوارەش دا ئەمریکا سەر کەوتنی زۆری وەدەست هێناوە.

هەر لەو بارەیەوە جۆرج بووش سەرۆکی ئەمریکا، بە مەبەستی دمەزەرد کردنەوەو بەهێز کردنی پێوەندییەکانی نێوانیان‌و هاودەنگ کردنیان، سەفەرێکی بۆ رۆژهەلاتی نێوەراست‌و وڵاتانی ناوچەی کەنداو کرد. دیارە لەو سەفەرەدا چەند مەبەستی سەرەکیی هەبوو، وەك سەرنەکەوتنیان لە عێراق‌و ئەو گرفتانە کە لەوێ لە گەڵیان رووبەروون‌و دۆزینەوەی رێگە چارەیان، ئاشت کردنەوەی ئیسرایلی‌یەکان‌و فەلەستینی‌یەکان‌و بردنە پێشی پرۆسەی ئاشتیی نێوانیان، قەناعەت هێنان بە موسوڵمانەکانی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست کە شەڕ دژی تیرۆر بە قازانجی هەموو لایەکەو بە کۆتایی هاتنی ئەو شەڕە ئاشتی‌و هێمنی دەکەوێتەوە وڵات و لە هەمووی گرینگتر بەربەرەکانێ لەگەڵ سیاسەتە توندرەوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و پرۆژەی چەکی ناوکیی ئێران کە ئاشتی‌و ئاسایشی رۆژهەلاتی نێوەراستیان خستۆتە مەترسی‌یەوە.

جۆرج بووش لە لێدوانێك دا، لە شاری ئەبووزەبی پێتەختی ئەماراتی یەکگرتووی عەرەبی، بۆ سەرنج راکێشانی وڵاتانی عەرەب، ئاماژەی بە هێندێ بابەتی گرنگ کرد. لە لێدوانەکەی‌دا ئاماژەی بە هێندێك بابەت کرد کە زۆر ئاشنا بوون، وەك شەڕخوازی‌و ئاژاوە گێڕیی رێبەرانی ئێران، کە وەزعی ناوچەشیان تێك داوەو بە دروست کردنی چەکی ناوکی دەیانەوێ رۆژهەلاتی نێوەراست تووشی شەرێکی گەورەو ماڵوێرانکەرو نەخوازراو بکەن. هەروەها جەختی خستە سەر مەسەلەی لە ژێرپێ‌نانی دێموکراسی‌و مافی مرۆڤ لە ئێران‌داو ئاماژەی بەوە کرد تەنیا دێموکراسی دەتوانێ خەڵکی ئێران لە چنگ دیکتاتۆری‌و زوڵم‌و زۆری‌و نائەمنی رزگار بکا. ئەو هەروەها لە بەشێکی دیکە لە قسەکانی‌دا وتی:

"ئێوە ناتوانن ببنە خاوەنی حکوومەتێکی مودێڕن، پێشکەوتوو، باوەر بە خۆو خاوەن ئیرادە، تاکوو ئیجازە نەدەن کە خەڵك بەشداریی سیاسی بکەن، بەراشکاوی رەخنەی قانوونی بگرن‌و نارەزایەتیی خویان دەرببرن"

لە کاتێکدا، کاربەدەستانی رەسمیی وڵاتی خانەخوێ بە تەواوی خۆیان لە کێشەکانی نێوان ئێران‌و ئەمریکاو سیاسەتەکانی ئەمریکا لە بارەی ئێران دوور راگرتوە، هەواڵنێرانی عەرەب لە سەر شێوەی بەرێوەبەری‌و مودیریەتی بەندیخانەکانی ئەبوو غەریب‌و گوانتانامۆ باری مافی مرۆڤ پرسیاریان لە ناوبراو کردو ئاماژەیان بەوە کرد زیندانییەکان لەوێ لەو پەری نەهامەتی‌و بێچارەیی‌دان‌و زۆر بەخرایی هەڵسوکەوتیان لە گەڵ دەکرێ. جۆرج بووش ستایشی لە رادەبەدەری هێندێك پادشاکانی وڵاتانی عەرەبیی ناوچەی کەنداو دەکا کە چۆن دێموکراسی بەرێوە دەبەن، وەك بەرێوەبردنی هەڵبژاردنە بەرتەسك کراوەکان. ئەو زیاتر لەفکری ئەوەدابوو کە نەوتی هەرزانی وەگیر کەوێ‌و، ئەو مەسەلەیەش بۆی گرنگتر بوو تاکوو بەرێوە بردنی ریفۆرمی سیاسیی واقعی.

وێ دەچێ پیوەندی‌یەکانی دەولەتی ئەمریکا عەرەب، لە عەرەبستانی سعوودی زۆر بەخەستی نەخشەی بۆ کێشرابێ، کاتێك ئاغای جۆرج بووش لە دانسێکی سوننەتی‌دا، دەستی شازادە سەلمان کوڕی عەبدولعەزیزی گرت، کە دەسەلاتێکی یەکجار زۆری هەیەو حاکمی شاری ریازی پێتەختی ئەو وڵاتەو پادشای دوا رۆژی عەرەبستانە، بووش لە دەستی ئەودا هەڵپەڕی بۆ ئەوەی لە بەر چاوی هۆزو عەشیرەتە بە نفووزەکانی ئەو وڵاتە نیشان بدا کە زۆریان لێ نزیکەو پێیان وەفادارە.

لە راستی‌دا دەرکەوت، ئەمریکا هاوکات لە گەڵ سەفەری سەرۆکایەتی-دا، لیستەیەکی چەك‌وچۆڵی لە گەڵ راگەیەندراوێك دا ئامادە کردوە، کە بریتی بوو لە فرۆشتنی ٩٠٠ مووشەکی پێشکەوتوو کە بایی ١٢٣میلیۆن دولارن وەك بەشێك لەو پرۆژە دوورودرێژەیە کە قەولیان داوە بایی ٢٠ میلیارد چەك‌و تفاق بنێرن بۆ وڵاتانی عەرەبیی هاوپیمان لە ناوچەی کەنداو. هێشتا مرەکەبی رێکەوتننامەکە وشك نەببۆوە کە سەرچاوەیەکی نیزامیی ئیسرائیل رایگەیاند، کە اسرائیل ١٠٠٠٠ مووشەکی پێشکەوتوو لە ئەمریکا وەر دەگرێ. ئەوەش دڵخۆشییەك بوو بۆ ئەمریکاییەکانی لایەنگری ئیسرائیل لە کۆنگرێس لە بارەی فرۆشتنی چەك بە عەرەبستانی سعوودی. بەلام بە دڵنیاییەوە عەرەبستانی سعوودی پێی ناخۆش دەبێ. ئەمریکا دەیەوێ بە دەستێك دوو شووتی هەڵگرێ هەم عەرەبستانی لێ رازی بێ هەم ئیسرائیل کە ئەوەش زەحمەتە.



رۆژنامە رۆژانەکانی کوێت دایك "الام"و دەنگ "الرای" رەخنەیان لە قسەکانی سەرۆك بووش گرت‌و نووسیان کە ناوچە پێویستی بە ئاشتی، ئارامی‌و پێشقەدمی لە حەرەکەتی نوێ‌و شتی باش هەیە، پێویستی بە مووشەك‌و چەکی نوێ نیە.

سەرەڕای شەپۆلێك نارەزایی‌و بێ مەیلی سەبارەت بە سەفەرەکەی بووش بۆ رۆژهەلاتی نێوەراست ئیدارەی سەرۆك بووش بایەخ‌و گرینگی‌یەکی لە رادەبەدەری بە کاروباری وڵاتانی عەرەبیی ناوچەی کەنداو داوە. بووش لە قسەکانی‌دا زۆر بە ئارامی لەسەر ئێران قسەی کرد ویستی بە فەرمی لەو بارەیەوە بچێتە نێو هێندێك پرسی دیکە بۆ ئەوەی ترس‌و دڵەڕاوکێ‌یەکانی کەم بکاتەوە سەبارەت بە دەولەتی ئێران، کە زۆر بە جیدی هەڕەشە لە ئەمنیەت‌و ئاسایشی ناوچەکە دەکاو بەرەو ململانێ‌و تێك هەڵچوون دەچێ. ئەگەر وایشی لێ بێ تەواوی ناوچە تووشی نەهامەتی‌و رۆژەرەشی دەبێ. ئەو قسە توندەکانی هێور کردەوە بە ئارامی وتی: " ئەوە خەڵکی وشیارو بە تواناو لێهاتووی ئێرانن دەتوانن شوێنەوار لە سەر رەفتارو هەڵسوکەوتی رێبەرانی ئێران دابنێن‌و ناچاریان بکەن واز لە شەڕخوازی‌و ئاژاوەگێری بێنن‌و پاشەکشەیان پێ بکەن. ئەو کات ئێران‌و ئەمریکا دەتوانن ببنە باشترین دۆست‌و زۆر بە باشی لە هەموو بوارەکان دا هاوکارییان بکەین"

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا ستایشی حکوومەتی نوێی عێراقی کرد کە بەشێك لە ئەندامان‌و پاشماوەکانی حیزبی بەعسیان هێنانەوەو کاریان پێ ئەسپاردوون. بەشێك لە بێژەرە عەرەبەکان رەخنەیان لێ گرت کە ئەوە سیاسەتی هەڵەی حکوومەتی بووش بوو کە لە سەرەتادا لە گەڵ بەعسییەکان خراپ جووڵانەوە. بووش لە درێژەی قسەکانی سوور بوو لە سەر سەرخستنی پرۆسەی ئاشتیی نێوان فەلەستین‌و ئیسرائیل، دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینی لە تەنیشت ئیسرائیل‌و، دەبێ دەوڵەتی ئامریکاش فشار بخاتە سەر ئیسرائیل، تاکوو ئیسرائیل مەجبوور بێ مل بۆ ئاشتی رابکێشێ.

ئەگەر چی وڵاتانی عەرەبی بەرهەمهێنەری نەوت، بەرهەمی نەوتیان زیاتر دەکەن‌و زۆرتر نەوت دەنێرنە بازار بۆ ئەوەی کە بتوانن تا رادەیەك ئەو نرخە گرانەی نەوت دابەزێنن، بووش بە وریایی وتی ئەمن دەمزانی پێشتر تەواوی توانای خوتان لەوبارەیەوە وەگەر خستوە بەلام تا ئێستا نرخی نەوت دانەبەزیوە. ئێوە ئەوپەری هاوکاریتان کردوە، و پێزانین‌و ستایشی ئامریکا بۆ وڵاتانی دەوڵەمەندی بەرهەمهێنەری نەوتی کەنداو کەتا ئێستا پوولی خۆیان بە دۆلار بەستۆتەوەو هەروەها بە میلیارد دۆلار سەرمایەی وڵاتانی عەرەبی، کوێت، عەرەبستان، ئەمارات لە بانگەکانی ئەمریکا لە گەڕدان.

هاوکات لە گەڵ سەفەری جۆرج بووش بۆ وڵاتانی عەرەبی کەنداو، ناوچە کۆمەڵێك نا ئارامیی بە خۆیەوە بینی. دەکرێ ئاماژە بە چەند نموونەیەکیان بکەین. لە بەیرووتی پێتەختی لوبنان لە کاتی تێپەربوونی ئۆتۆمبیلێکی باڵوێزخانە بومبێکی تەوقیتکراو تەقییەوە کە لە ئاکام دا ٣ هاووڵاتی لوبنانی کوژران‌و چەند کەسیش بریندار بوون‌و لە دوورەوە بارەگاکانی حکوومەتی لوبنانی لەرزاندوە کە ئەو حکوومەتە سەر وە ئەمریکایە، کە ئەو حکوومەتە لە دەست نەیارانی وەزاڵە هاتوو بە بنبەست گەیشتوە کە نەیارانی حکوومەت لە لایەن حیزبوڵڵاوە رێنوێنی دەکرێن. لەولاشەوە ئێران راستەوخۆ یارمەتیی حیزبوڵڵاو گرووپە شیعە چەکدارەکانی لوبنان دەکا. لە هێرشێکی لە نەکاوی ئیسرائیل بۆ سەر شاری غەززە ١٨ فەلەستینی کوژران. دیارە ئەوە زۆرترین رادەی قوربانی بوون لە ماوەی چەند مانگ دایە. لە نێو کوژراوەکان‌دا کورێکی وەزیری کاروباری دەرەوەی حەماس وەبەر چاو دەکەوت. هەرچەند ئەو هێرشەی ئیسرائیل بە تۆڵەی مووشەك بارانی فەلەستینی‌یەکان بوو کە ئیسرائیل ئێران تاوان بار دەکاو دەلّێ ئێران دەستی لەو شەڕو ئاژاوانەدا هەیە بەلام فەلەستینی‌یەکان بووش تاوانبار دەکەن‌و دەلێن چرای سەوزی داوە بە ئیسرائیل بۆ هێرش کردنە سەر فەلەستینی‌یەکان‌و کۆمەڵکوژ کردنیان.

سەر چاوە:

The Economist

www. Economist.com

---

درێژەی

# هەواڵەکان

**نەغەدە:**

### کۆچی دوایی تێکۆشەرێکی ئەمەگناس



رێکەوتی ٢٧ی بەفرانبار حاجی جەلیل مەولوودی خەڵکی ماسوێ، ئەندامی لە مێژینەی حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆچی دوایی کرد. ناوبراو ساڵی ٥٨ بوو بە ئەندامی حیزب‌و لە ماوەی تەمەنی‌دا بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکی سەرشانی رادەپەڕاندو هەر بەو هۆیەشەوە چەند جارێك لە لایەن هێزەکانی رێژیمەوە کەوتە بەندیخانەوەو بە سەختی تووشی ئازارو ئەشکەنجە بوو، هەروەها شایانی باسە ماوەیەکیش لەبەر کاری سیاسی پەڕیوەی باشووری کوردستان بوو. ناوبراو لە نێو خەڵکیش دا کەسایەتییەکی بەرچاوو خاوەن رێزو متمانە بوو.

شایانی باسە جەماوەرێکی زۆر لە دوورو نزیکەوە بەشداری رێورەسمی بەشکۆی بەخاك سپاردنی ناوبراو بوون.

هەر بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەرێزی‌و خەڵکی کوردستان‌و بە تایبەت کاك مستەفا مەولوودی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان کوڕی حاجی جەلیل دەکەین.

### هەڵوەشاندنەوەی شووڕای شاری کرماشان لەلایەن دادگا پشتڕاست کرایەوە

لقی دووی دادگای گشتیی تاران، پاڵپشتی هەڵوەشاندنەوەی شووڕای شاری کرماشانی کرد. پارێزگای کرماشان وێڕای پشتڕاست کردنەوەی ئەو هەواڵە، گوتی: "ئەوە بڕیارێکی بڕاوەیەو دەبێ بێ ئەملا و ئەولا بەرێوە بچێ." ناکۆکیی نێوان ئەندامانی شووڕا و رێك نەکەوتن لە سەر هەڵبژاردنی شارەوان و نەبوونی توانایی لە راپەڕاندنی کاروباری شار، وەك هۆکاری ئەو بڕیارە راگەیەندراوە. عەلی دەشتی، پارێزەری ئەندامانی شووڕا بە دادگای راگەیاندوە ئەگەر ئەو تۆمەتانە راستیش بن، بە پێی یاسای بنەڕەتی و هەروەها یاسای شووڕاکان، ئەو بڕیارە ناڕەوا و نایاساییە. ناوبراو بە هەواڵدەریی ئیسنای راگەیاندوە ئەگەرچی دادگا بڕیاری داوە، بەلام پەروەندەکە لە رێگای کۆمیسیۆنی (اصل ٩٠) و سەرۆکی دادوەرییەوە پێداچوونەوەی پێدا دەکرێ.

**مەهاباد:**

### داخستنی مزگەوتی ئاوایی سەرچنار رۆژێك بەر لە دووی رێبەندان

رۆژێك پێش ٢ی رێبەندان پایگای بەسیجی ئاوایی سەرچنار لە چۆمی مەجیدخان، کلیلی مزگەوتی ئاوایی لە مجێور دەستێنێ، لە بەر ئەوەی ساڵی رابردوو دۆستان‌و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات لە شەوی ٢ی رێبەندان دا دەچنە مزگەوت‌و کاسێتی وتەکانی شەهید دوکتور قاسملوو دەخەنە سەر زەبتی مزگەوت‌و دەرگای مزگەوت قفڵ دەکەن. هەر بۆیە ئەمساڵ بۆ پێش گرتن لە دووپات بوونەوەی وەها کارێك هەتا رۆژێك دوای دووی رێبەندان واتە چوارشەممە ٣ی رێبەندان کلیلی مزگەوت نادەنەوە بە مجێورەکە.

### کۆمەڵی فەرهەنگی زمانی کوردیی "سۆما" داخرا

لە چەند رۆژی رابردوودا لکی شاری مەهابادی کۆمەڵی فەرهەنگی زمانی کوردیی "سۆما" بە فەرمانی فەرمانداری شار بە هۆیەکی نادیارەوە بۆ ماوەیەکی نادیار پلۆمپ کرا. کۆمەڵی فەرهەنگی زمانی کوردیی "سۆما" کۆمەڵێکی فێرکاریی زمانی کوردییە کە لە ساڵانی رابردوودا خزمەتێکی بەنرخی بە زمانی کوردی کردوە.

**بۆکان:**

### سیاسەتی سیخوڕسازیی رێژیم درێژەی هەیە

لە درێژەی پیلانی رێژیم بۆ راکێشانی لاوان بۆ نێو ریزەکانی بەسیج، ماوەیەکە بەکرێگیراوانی رێژیم لە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لە رێگەی کەسێکەوە بە ناوی سەرهەنگ حەیدەری بە تەبلیغات بۆ لاوەکانی ئاواییەکانی گامێشگولی، سەراو، رەحیم خان، قەلای هەلاکۆ، برایم ئاباد بە دانی وەعدو بەڵێن راکێشی ریزەکانی بەسیجیان دەکەن.

هەروەها رێژیم لە شاری بۆکان دەستی داوەتە پیلانێکی دیکە دژی نەتەوەی کوردو ئێستا بە کەڵکی خراپ وەرگرتن لە هەژاری‌و دەستکورتی‌و بێ دەرەتانیی ئەو کەسانەی بۆ ورکەنان کڕین کووچەو کۆڵانان دەگەڕێن، تەماحی وەبەر ناون‌و دەیانکا بە جاش‌و سیخوڕ.

### بەرێوەچوونی ئێوارە شێعرێك لە شاری بۆکان

ئێوارەی ٣ی رێبەندان ئێوارە شێعرێك لەلایەن کۆڕی فێرکاری‌و فەرهەنگی ئەدەب لە شاری بۆکان بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە شاعیران‌و نووسەرانی ئەو شارە بەرێوەچوو.

شاعیرانی بەشدار لەو کۆڕەدا بریتی بوون لە:

سەعید نەجاری (ئاسۆ)، محەممەد بەحری (ساروخ)، سارا سەدیق زادە، فەرید کەریمی‌ئازەر(مەستانە)، عەبدوڵڵا سەعیدی، ئامینە چاك، جەعفەر موختاری‌فەر، وریا رەحمانی، سەید یاسین قورەیشی‌و دوکتور عومەر حیسامی.

هەروەها لە نێوبەندی کۆڕەکەدا هونەرمەندانی دەنگ خۆش محەممەد مستەفا عەزیز، عەلی سۆفی محەممەدی‌و لوقمان عەزیزی زیاتر رێورەسمەکەیان رازاندەوە.

**نۆدشە:**

### بەکرێگیراوانی رێژیم پەرە بە بلاو کردنەوەی مادده سڕکەرەکان دەدەن

پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، ئەم رێژیمە بەمەبەستی بەچۆك داهێنان‌و بەلارێدا بردنی خەڵکی کوردستان بەگشتی‌و لاوانی وڵاتپارێز بەتایبەتی، دەستی لە هیچ پیلان‌و کردەوەیەکی نامرۆڤانە نەپاراستوەو یەکێك لەم پیلانە نگریس‌و ماڵوێرانکەرانەی کە بەکرێگیراوان‌و دەست‌و پێوەندەکانی ئەم رێژیمە لە زۆربەی شارو ناوچەکانی کوردستان گرتوویانەتە بەرو بێ‌شەرمانە پەرەی پێ دەدەن، فرۆشتن‌و بلاو کردنەوەی مادده سڕکەرەکان‌و گیرۆدە کردنی لاوەکان بەم مادده ماڵوێرانکەرەیە. بە خۆشییەوە تا ئێستا خەڵکی نیشتمانپەروەرو لاوانی بەهەستی شارو ناوچەکانی هەورامان کەمتر کەوتوونەتە داوی ئەم بەلاماڵوێرانکەرەو زۆر بوێرانەو بە هەست بە بەرپرسایەتی کردن بەگژ ئەو بەکرێگیراوانەدا چوونەتەوە کە لە فرۆشتن‌و بلاو کردنەوەی ئەم چەشنە ماددانەدا دەستیان هەبووە. بەلام ئێستاش بەداخەوە لە شارۆچکەکانی نەوسوودو نۆدشە چەند کەسی گوێ لە مست‌و بەکرێگیراوی رێژیم سەرقاڵی بلاو کردنەوەی ماددەسڕکەرەکانن لە نێو لاوان داو ناراستەوخۆ لە خزمەتی سیاسەتی دوژمنکارانەی رێژیم دەرهەق بە نەتەوەی کورد دان. ناوی یەکێك لەو کەسانە "ج . " کوڕی ئەحمەد خەڵکی نۆدشەیەو ناوونیشانی چەند کەسی دیکەشمان بەدەست گەیشتوە.

بۆ لاپەڕی١١

**برووخێ رێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

ئەدەب و هونەر

کوردستان

adabstan24@yahoo.com

ژمارە ٤٧٩ (١٥ی ڕێبەندانی ١٣٨٦)

## ئەو خونچانەی پێش پشکوتن هەڵوەرین






## حەسەن زوودی فەر(چەوساوە)

دوانیوەڕۆی درەنگی ٢٨ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦١ بوو. یەکێك لە پێشمەرگەکانی بنکەی "مەمەلیان" لە بنکەی یەکیەتیی لاوان لە مەحمەشە وەژوور کەوتو مزگێنی دا بە حەسەن دایکی بۆ سەردانی هاتووەو ئەوە لە مەمەلیان چاوەڕوانیەتی.

توویا خانم کە دوای مردنی باوك، جێگای باوکیشی بۆ حەسەن پڕ کردبۆوە، لە لای کوڕەکەی زۆر خۆشەویست بوو. هاتنی دایکی لەو بەرەبەرەی نەورۆزەدا بۆ حەسەن هەواڵێکی خۆش بوو. بە پەلە خۆی گورج کردو چەكو ڕەختەکەی بەستو ماڵئاوایی لە هاوڕێیان خواست. ڕێگای نێوان مەحمەشە ـ چەقەڵ مستەفاو مەمەلیانی بە گوتنەوەی بەهێمنیی گۆرانییەکانی عۆمەر دزەیی ـ کە پێش وەڕێ کەوتن، لەگەڵ هاوڕێیانی گوێی بۆ ڕاگرتبوو ـ بە هەنگاوی خۆش بڕی.

چەند سەعاتێك لە دیدارو دانیشتنی لەگەڵ دایکی ڕانەبردبوو کە هەواڵیان هێنا، دوژمن لەگەڵ تاریك داهاتنی هەوا، لە چەند مێحوەرەوە هێرشی کردوە بۆ سەر ناوچەکانی سندووسی خواریێو شارویرانی سەروو. حەسەنیش وێڕای پێشمەرگەکانی لکی شەهید جەلالی هێزی ئەفشین لەوێ وەدەرکەوتو لە باغەکانی نێوان خەلیفەلیان، چەقەڵ مستەفاو مەمەلیان دامەزران. لەگەڵ داهاتنی ڕۆژ، دەرکەوت هێرشەکە زۆر لەوە بەرینترە کە ئەوان چاوەڕوانیان دەکرد، بەڵام تازە بڕیاری خۆیان دابوو ئەم ناوچەیە نەدەبوو بە هاسانی بکەوێتە دەست دوژمن. دەبوایە هێرشکەران بەسەر تەرمی ئەواندا ڕەت بنو نرخی ئەو پێشڕەوییەیان بدەن.

ژمارەیەکی سی چل کەسی پێشمەرگە لە مەیدانێکی تەسکدا، لە بەربەیانییەوە تا نیوەڕۆ لە چەند مێحوەرو لە هەر مێحوەرەی لە بەرانبەر هێرشی سەدان کەسدا کە پەیتا پەیتا هێزی یارمەتیدەریشیان بۆ دەهات، ڕاوەستانو شەڕیان کرد. ئەوان بەڵێنەکەی خۆیان بە نرخێکی گران بردە سەرو، دەستیان لە دوژمن وەشاند، بەڵام زیاتر لە دە کەسیش لەوان لەم حەماسە خولقێنییەدا شەهید بوون، حەسەن زوودی فەر پێشمەرگەی قارەمانو لاوی بە بیروباوەڕی دێموکرات یەك لەوان بوو.

نزیك بە ٢٥ ساڵ لەو کارەساتە ڕابردووە، بەڵام ناوی حەسەن زوودی فەر (حەسەن چەوساوە)و هاوڕێیانی شەهیدی لەبیرەوەری ڕێبوارانی ڕێگاکەیاندا هەروا بە نەمری ماونەوە. ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان بنکەی پێشمەرگە لە ناوچەی سندووس بە تابلۆی ئەو شەهیدانە دەڕازانەوە کە حەسەنی خاوەن بەهرەو ئۆگری نیگارکێشی دەیکێشانەوە، ئەمڕۆ وێنەی خۆی لە بنکەو ناوەندی تێکۆشانی لاوانی دێموکراتدا وەك نمونەی لاوێکی شۆڕشگێڕو بە بیرو باوەڕو ئۆلگووی تێکۆشەرانی دێموکرات سەرنج ڕادەکێشێ:

**هەزاران لاوی ئەم خاکە**
**بەسەر بەرزی لە شوێنت دێن**
**بەرەو مەیدانی حەق سەندن**
**وەفاداران بە خوێنت دێن**

*** * ***

**لە تۆ فێر بوونە تێکۆشان،**
**خەبات و گیان بەخت کردن،**
**لە تۆ فێر بوونە نەسرەوتن،**
**لە پێناوی گەلا مردن**

# خۆزگە دەمزانی کێ تاوانبارە

حەلیمە ڕەسووڵی

چ بەیانییەکی بێ بەزەیی بوو کاتێك کە کچە چاو پڕ لە خەوەکەی بە زرمەی تەرمی ساردو سڕی دایکە ئەویندارەکەی، دایکە هەست ناسکەکەی لە قووڵایی خەوێکی پەمەیی ڕاچڵەکا. نەیدەزانی هانا بۆ کێ بەرێو ڕوو لە کێ بکا. بۆ چەند خولێك واقی لە سەر تەرمی دایکی وڕماو بە سەر سووڕمانەوە سەیری ئەو بڕیارە تاڵەی دایکی کرد. دوایی بڕیاری دا بە هەموو توانای ڕا بکا بۆ دۆزینەوەی خەیاڵێکی ڕزگارکەر. ئەو تا ئەو ساتەش پێی وا نەبوو دڵە ناسکەکەی دایکی چیدیکە لێ نادا، نەیدەزانی تازە کار لە کار ترازاوەو ڕۆح لە لاشەی دایکی ئیتر بۆ هەمیشە نامۆ بووە. نەیدەزانی هیچ دەرفەتێك نەماوە بۆ ڕزگاری، نەیدەزانی ڕۆحی دایکە تێکەڵ بە ڕۆحی وێنەکانو شێوەکانی دەستکردی خۆی بووە.



ئاخ... نازانم چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کورسیو پەتە دڵ ڕەقە بکەم، باشە ئاخر بڵێی هەموو تاوانەکە لە سەر شانی پەتو کورسییەکە بێ یانێ باشە تەنیا دەبێ ئەم دووانە لێپرسینەوەیان لێ بکرێتەوە، نا نا.... وا بزانم من هەڵەم دەبێ هێندێك هێورتر بیر بکەمەوە. خۆ ئەو زۆر هێمنو لەسەرخۆ بوو، باشە دەبێ هەستی ناسکی بەچی بریندار بووبێ. دڵنیام ئەمە برینێکی هەنووکەیی نەبووە. زۆر دەمێکە بیستوومە دەڵێن هونەر خۆشەویستەکان زۆر بە سەبرن، ئەوان هەوڵ دەدەن بە بیرکردنەوە لە داهاتوویەکی خەیاڵیو یان دڵ خۆش کردن بە ڕابردوو ئێشو ئازارەکانیان کاڵ بکەنەوەو دڵ خۆشی خۆیان بدەنەوە. نا نا دەبێ ئەم برینە زۆر کۆنو قووڵ بووبێ هەر بۆیە بەم چەشنە پەپوولەی تووشی هەڵقرچانی هەتاهەتایی کرد. ئاخ لەم بڕیارە سەختە!

نازانم خۆم، تۆ، ئەو یان پەتو کورسییەکە بە ڕاستی کێ تاوانبارە، هێندێك دەڵێن چارەنووس تاوانبارە، بەڵام من هەرگیز چارەنووس بە تاوانبار نازانم. لە پەنجەرەی ژوورەکەی چەندەها ساڵە ئێوارەیەکیان بەبێ وەخت دێنو دەچن لە دەرفەتێك دەگەڕان بۆ ئاوا بوون بۆ ماڵئاوایی لە هەموو شتێك تەنانەت لە ژوورەکەش ڕەنگە ئەم ژوورەش هەروەك .... تاوانبارێکی دیکە بێ...بەڵام....

# حەقایەت

ڕەسوڵ سوڵتانی




# کاریکاتێر




کەنعان بیتار

# له بیرەوەریی مامڵێ دا

ئامادە کردنی ئەدەبو هونەر



مۆسیقاو هونەری ئاوازو گۆرانی یەکێك لە کۆڵەکە بەهێزەکانی کەلەپووری هەر نەتەوەیەکن.

ئێمەش وەك نەتەوەی کورد خاوەنی کەلەپوورێکی دەوڵەمەندو رەسەنین کە لە سەر شانی گەورە پیاوانو ژنانی بوێری نەتەوەکەمان چێ کراوەو بۆمان بە میرات ماوەتەوە.

محەمەدی مامڵێ یەکێك لە کۆڵەکە بەهێزەکانی هونەری گۆرانیی کوردی‌یە. محەمەدی مامڵێ لە هەموو تەمەنیدا گۆرانیی بۆ نەتەوەکەی چڕیو هونەرەکەی بۆ خزمەتی نەتەوەو کەلەپووری نەتەوەکەی تەرخان کرد.

مامڵێ لە باوەشی بە سۆزی بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەردا لە دایك بووو ٧٣ ساڵ ژیا. دەنگخۆشی بەهرەیەكو میراتێك بوو کە لە بنەماڵەکەی را پێی گەیشتبوو. مامڵێ تەنیا تا قۆناغی سەرەتایی خوێندو خۆشەویستی هونەرو ئاوازی کوردی قوتابخانەی لەبیر بردەوەو دەرکی قوتابخانەیەکی دیکەی بە روودا کرایەوە، ئەویش قوتابخانەی کوردایەتیو نیشتمانپەروەریو خزمەتی نەتەوە بوو.

مامڵێ گۆرانی‌یە فۆلکلۆری‌یەکانی سەرلەنوێ دەگوتەوە، بەڵام رۆحی وەبەر دەنانو جیا لەوەش خەرمانێك داهێنانی بۆ ئاوازی کوردی خستە سەر یەك.

لە مامڵێ پتر لە ١٥٠ گۆرانی بە یادگار بەجێ ماون کە هەر کام خەمێكو جوانی‌یەکی ئەم نیشتمانەیە کە لە زایەڵەی بە سۆزی مامڵێدا بەدی دەکرێن.

مامڵێ لە سەردەمی کۆمار ڕا شانازی ئەندامەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بە نەسیبی خۆی کرد، پتر لە ٥٠ ساڵ ئەندامی ئەو حیزبە بووو گەلێ قوربانی پێشکێش بە نیشتمانو گەلەکەی کرد.

مامڵێ باوکی شەهید "نەجات" مامڵێیە کە بە دەستی بکوژانی کۆماری ئیسلامی ئێعدام کرا.

کاك محەمەدی مامڵێ رۆژی ٣ی رێبەندانی ١٣٧٧ی هەتاوی ماڵئاوایی لە هۆگرانو ئەویندارانی دەنگە بەسۆزەکەی کردو کۆڕی یارانی بەجێ هێشت.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چلەی کۆچی دوای مامڵێدا نازناوی هونەرمەندی میلليی بەو زاتە گەورەیە بەخشی.

بە بۆنەی ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی ئەم هونەرمەندە نەتەوەییە مەزنە، وتووێژێکمان لەگەڵ بەڕێز جەلیل گادانی پێك هێناوە کە لە خوارەوە دەیخوێننەوە.

پ - بەرێزت پێگەی هونەری مامڵێ چۆن دەنرخێنیت؟

و: مامڵێ هونەرمەندێکی شازی نەتەوەکەی بوو. ئەو نەتەنیا لە ناو گەلی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات، بەڵکوو لە ناو هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانو بگرە لە نێو زۆر لە هونەردۆستانی ناکوردیش ناسراوو خۆشەویست بوو.

بەدرەقەی جەنازەکەی‌و سەرەخۆشییەکەی لە لایەن ئەو حەشیمەتە زۆرە کە لە هەموو کوردستان را بۆ بە خاك سپاردنی گەیبوونە مەهاباد نیشانەیەکی روونی ئەو خۆشەویستی‌و پێگەیی بوونی لە نێو کۆمەڵانی خەڵك دایە.

خۆشەویستی مامڵێ وەك یەکێك لە ئەندامانی وەفاداری حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لەو پێناوەدا هەم خۆی لە زەمانی شادا زیندانی کێشاوە هەم لە دەورەی کۆماری ئیسلامیدا براو کوڕێکی شەهید بوون جگە لە باری هونەری مایەی سیاسیشی تێدایە، چونکوو ئەو کەسێك بوو کە نەك هیچ کات بە سەردەمدارانی رێژیمی شاو شێخی هەڵنەکوتووە بەڵکوو بە هەر شێوەیەك بۆی گونجابێ دژایەتی کردوون.

مامڵێ بە مانای واقعی وشە هونەرمەندێکی میلليو گەلی خۆی بوو، هەستی خاوێنی ئەو زۆر جار لە گۆرانیەکانی‌دا دەرکەوتوە.

پ - موحەممەدی مامڵێ بە گۆرانییەکانی چەندە توانی شوێن لە سەر هەستی ناسیۆنالیستی خەڵك دابنێت؟

و: مامڵێ گۆرانی جۆراوجۆری کوتوە، بەڵام دوای سەردەمی گەنجێتی، بە ئاگایی زیاترو هەستی نەتەوەیی بۆ مەسەلەکان چووەو لە هەڵبژاردنی ئەو شێعرانەدا زیاتر هەڵبەستەکانی شاعیرانی خۆشەویستی گەل کە وێڕای سەرنج دان بە فۆلکلۆرو پاراوی زمان مەسەلەی نەتەوەییشیان لە شێعرەکانیاندا گونجاندوە کەڵکی وەرگرتوە.

ئەو بە زۆری لە شێعرەکانی وەفایی، مامۆستا هێمنو حاجی هاشمی نانەوازادەی کەڵك وەرگرتوەو بە دەنگە خۆشەکەی‌و لەحنە جوانەکانی رەنگو بۆیەکی دیکەی داونیو بێ هیچ گومانێك ئاهەنگە رەسەنەکانی کە کوتوویەتی هەرکام بە شێوەیەك لە بزواندنی هەستی نەتەوەیی بیسەردا کاریگەر بوون. ئێستاش من بەش بە حاڵی خۆم ئەگەر بەستەکانی کانی ئاسکان، زمزیران، قەتارێك یا لایە لایەکەی گوێ دەدەمێ رەسەنایەتی هونەری کوردی هەست پێ دەکەمو چێژی تایبەتی لێ دەبینم، یا راوچییەکەییم کە گوێ لێ دەبێ، پێ دەشتو خرو لاپاڵە جوانەکانی نیشتمانی داگیرکراوو دابەش کراوی خۆمانو ئەو دیمەنە سەنفۆنیا ئاهەنگینەی کوردستانم دێتەوە یاد.

بە خۆڕایی نەبوو کە زۆر پێشمەرگەکان کاتێك دەچوونە شەڕی دوژمن چەند نەوارێکی مامڵێو تەسجیلێکمان پێ بوو.

# ناودارانی ئەدەبیات

و: ئازاد شێخی



پوشکین ـ ئەلکساندر

(١٧٨٩ـ ١٨٣٨)

شاعیرو نووسەری گەورەی رووسە، لە ژوئەنی ١٧٨٩ لە مۆسکۆ لەدایك بووە، لە ١٠ی فێوریەی ١٨٣٨ لە پترزبورگ کوژراوە. ئەم شاعیرە ئازادیخوازە رووسیە لە بنەماڵەیەکی نەجیبزادە بووە. پوشکین ساڵی ١٨١٧ لە وەزارەتی دەرەوەی رووسیەدا کاری کردوە، سێ ساڵ دواتر واتە ساڵی ١٨٣٠ بە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە شێعریەکی خۆی ناوبانگێکی گەورەی وەدەست هێنا.

پوشکین ساڵی ١٨٣٠ قەسیدەیەکی بە باڵای ئازادی‌دا هۆنیەوە کە بوو بە هۆی دوور خستنەوەی (تبعید) لە شوێنی ژیانی ساڵی ١٨٢٢ بە سەردانی بۆ قەفقاز بوو بە هەوێنی پارچە شێعرێك بە ناوی (زیندانی قەفقاز)، لە ساڵی ١٨٤٢ لە سەر کارەکەی لابرا، لەبەر ئەوەی کاربەدەستانی دەوڵەتی لەو سەردەمەدا باوەری ئازادیخوازانەیان بە مەترسییەك دادەنا. هەر لەو ساڵەدا پوشکین پەنای بردەوە بۆ مڵکەکەی بابی لە پسکۆف، یەکەم بەرهەمی خۆی لەوێ دارشت (بوریس - کودنف) پاشان (ئۆژنی ئۆژنی) کە لە راستی‌دا بەسەرهاتی خۆی بوو نووسی.

دواتر داستانێکی لە ژێر ناوی (کانی باغچە سەرا) نووسی کە ناسراوییەکی زیاتری پەیدا کرد، لە ساڵی ١٨٢٧ بەرهەمی (کولییەکانی) نووسی، کتێبە مێژوویییەکانی (شۆرشی پوکاچف)ی نوسی . داستانی (کچی کاپیتان) یەکێك لە بەرهەمە جوانەکانیەتی ساڵی ١٨٣٢ سەر لەنوێ لە وەزارەتی دەرەوەی رووسیە دامەزرایەوە، ئەو سەرەڕای ئەوەی کە هەڵسەو دانیشەو سەردانی لەگەڵ خەڵك پێ خۆش بوو، بەڵام زۆرتر خەریکی نووسین بوو. پێگەی پوشکین لە ئەدەبیاتی رووسی‌دا حاشاهەڵنەگرە ئەو رۆمانتیك بووو شێوازێکی نوێ لە ئەدەبیاتی رووسی داهێنا.

پوشکین لە تەمەنی ٣٨ ساڵی‌دا بە هۆی دوئێلەوە بە خەستی بریندار دەبێو دواتر لە بەر کاریگەری برینەکەی دەمرێت.




## ((بەرەو ٨٠هەمین دەوری خەڵاتی ئۆسکار))

ناسر رەسووڵی

کورتە مێژووی ئۆسکار: (ساڵی ١٩٢٨ ن) ئاکادیمی هونەری ئامریکا بۆ رێزگرتن لە باشترینەکانی دونیای سینەما رێورەسمێکی پێك هێناو لەودا خەڵاتێکی زێڕینی بەم شێوەیە cm٣٤ باڵا ٣ kg کێشو لە جنسی زێڕی تەواو، ئامادە کرد بۆ باشترینەکان.

ناوی ئۆسکار: دوای تەواو بوونی پەیکەری بەر دەرگای ساڵۆنی کۆداك هالیوود کە بڕیار وا بوو هەموو ساڵێك ئەم رێورەسمەی لێ بگیرێ چاپەزێکی ئەو شوێنە کە کابرایەکی پیر دەبێت لەگەڵ دیتنی پەیکەرەکە هاوار دەکا: ئەی خودا چەندە لە مامە ئۆسکارم دەچێت، کە هەر ئەوە دەبێت بۆ هەمیشە ناوی ئەو پەیکەرەیە دەنێن ئۆسکار.

تەندیسی ئۆسکار پێك هاتەیە لە شوالییەیەك کە قیت راوەستاوە لەسەر عالقە فیلمێکی پرۆژێکتۆری mg٧٥ ی‌و شەمشێرێکی بەدەستەوەیە.

* * *

هەشتاهەمین رێورەسمی بەرێوەچوونی خەڵاتی ئۆسکار هەروەك ساڵان لە رۆژەکانی ٢٤و ٢٥ی فێوریەی ٢٠٠٨ (٥و ٦ی رەشەمە) لە نیوەی شەو بە کاتی ئاسیاو بەرەبەیان بە کاتی ئەمریکاو زۆر جاران ئوروپا، لە ساڵۆنی کۆداك هالیوودو بە بەشداری ناسراوترینەکانی جیهانی سینەماو لە ژێر چاوەدێری FBI دا بەرێوە دەچێ.

هەڵبژێردراوان بۆ خەڵاتی ئۆسکاری ٢٠٠٨ لە چەند بەشی (باشترین فیلم، باشترین دەرهێنەر، باشترین ئەکتەری پیاو، باشترین ئەکتەری ژن، باشترین ئەکتەری یاریدەدەری پیاو (نقش مکمل) باشترین ئەکتەری یاریدەدەری ژن)

بەم شێوەیەیە:

باشترین فیلم: گوناه پاککردنەوە ـ جونۆ ـ مایکل کلاتین ـ هیچ ولاتێك بۆ پیاوە پیرەکان نیە ـ لەمەودوا خوێن دەڕژێت.

باشترین دەرهێنەر: پۆل تۆماس ئەندرسن بۆ فیلمی: (لەمەوداو خوێن دەڕژێت)

کویین برەزەرس (ولاتێك بۆ پیاوە پیرەکان نیە) تۆنی گیلۆری (مایکێل کلاتین) جەیسۆن رێتمەن (جونۆ) جولیان شنابێل (زەنگی نوساوو پەپوولە)

باشترین ئەکتەری پیاو: جۆرج کلۆنی (مایکێل کلاتین) دانییێل دی لویس (لەمەودوا خوێن دەڕژێت) جانی دێپ (سوینی تۆد) ویگۆ مورتینێس (بەڵێنە رۆژهەڵاتییەکان) تامی لی جۆنز (لە دۆڵی ئیلادا)

باشترین ئەکتەری ژن: کەیت بلانشت (ئێلیزابێت: سەردەمی زێرین) جولی کریستی (دوور لێرەوە) ماریۆن کۆتیار (عەشقی ئۆن رۆز) لۆرا لینی (دڕندەکان) ئێلێن پەیج (جۆنۆ).

باشترین ئەکتەری یاریدەدەری پیاو: کەیسی ئەفلێك (تیرۆری جێسی جەیمز) حافز باردم (ولاتێك نیە...) فیلیپ هافمەن (شەڕی چارلی ولسن) هاڵ هالبرۆك (لە دورە دەشتدا) تۆم ولکنسن (مایکێل کلاتین)

باشترین ئەکتەری یاریدەدەری ژن: کەیت بلانشت (من لەوێ نیم) رەبی دیی (چەتەی ئەمریکایی) ساورز رۆنان (گوناه پاککردنەوە) تیلدا سوێنتن (مایکێل کلاتین)

هەروەها لە بەشەکانی فیلمی موستەنەد سەبارەت بە مانەوەی ئەمریکا لە عێراقو ئەفغانستان:

ئاسۆیەك لەبەر چاو نییە (چارلز فێرگۆسێن)

نووسینەوەی ئەزموونەکانی کاتی شەڕ (ریچارد رابینز)

تاکەی بەرەو تاریکی (ئەلێکس گیبنی)

شەڕ ـ سەما (شان فاینو ئاندرێ نیکسن)

لە بەشی فیلمی غەیری زمانی ئینگلیزیشدا:

٤ مانگ ٣ حەوتووو ٢ رۆژ (رۆمانی ـ کریستیەن مۆنگیۆ)

لێواری بەهەشت (ئاڵمان ـ فاتێح ئاکین)

١٢ (رووسیە ـ میناڵخۆف)

کاتین (لەهێستان ـ ئاندرێ وایدا)

و چەند فیلمێکی دیکە....

جێی سەرنجە کە فیلمی کارتۆنی (پرسپولیس) لە دەرهێنانی ( مەرجان ساتراپیو ونسان پارانۆ) کە قەرار بوو وەك نامزەدی وەرگرتنی خەڵات بێ تەنیا لەوێدا بە نمایش دەدرێو هیچ.

هەروەها جێی ئامارەیە کە (تام لی جۆنز) ئەوە دووهەمبارە کە لە بەشی باشترین یاریدەدەری پیاودا نامزەد دەبێ کە جاری یەکەم خەڵاتیشی بەدەست هێنا. (کەیت بلانشت) دووهەم ژنە لە مێژووی سینەمادا کە بۆ کایەکردن لە قاڵبی پیاوێك وا لە فیلمێکدا گەیشتووە بە ئۆسکارو هەروەها (ساورز رۆنان) کەم تەمەنترین بەشداربووی ئۆسکاری ئەمساڵە.

دوای بەرێوەچوونی ئۆسکار چاوەڕوان بن کە لە ژمارەیەکدا لیستو ناوی دەرچووان بڵاو دەکەینەوە.

سەرچاوەکان:

رۆژنامەی ئاسۆ: ساڵی چوارەم، ژمارە ٦٢٩،٢٤/١/٢٠٠٨

سایتی هەواڵەکانی ئۆسکار www.oscar.com

سایتی: www.akhbar-rooz.com

گۆڤاری ورایتی لەسەر تۆڕی ئینترنێت.



## موحسین سازگارا:

# جیاییخوازی ئاکامی سەرکوتی ویستە قەومییەکانە

**هەر چەندە بەرەو زیادکردنی دەسەڵاتە هەرێمییەکان بڕۆین بەو رادەیە یارمەتیمان بە سەقامگیربوونی پرۆژەی دیموکراسی لە ئێران داوە**

وتووێژی محەممەد تەهووری
و: کۆچەر

**موحسین سازگارا یەکێك لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیو لە مۆرە ناسراوەکانی سوپای پاسداران بووە کە تا کۆتایی دەیەی ٦٠ی هەتاوی پۆستی جۆراوجۆری بەڕێوە بردوون. سازگارا وەك زۆر کەسی دیکە لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی پاش ناسینو ئەزموون وەرگرتن لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیو ڕێبەرانی، لەو ڕێژیمە دوور کەوتەوەو بوو بە ڕەخنەگرو تەنانەت دژی کۆماری ئیسلامی. ئەم وتووێژەی لە بەر دەستان دایە بیرو بۆچوونی ناوبراوە لە بارەی کێشەی نەتەوایەتی لە ئێران داو سازگارا بە ئاشکراو بە روونی دیفاع لە مافی نەتەوەکانی ئێران یان بە وتەی وی لە قەومەکانی ئێران دەکا. هەرچند دەستەواژەو دەربرینەکانی لە بارەی نەتەوەو فیدرالیزمو.... لە گەڵ دەستەواژو پێناسەکانی ئێمە جیاوازن بەڵام بۆ ئاگادار بوونی خوێنەرانی بەڕێزی "کوردستان" لە بیروبۆچوونی سازگارا لە بارەی مەسەلە نەتەوایەتی‌یەکانی ئێران دا بە باشمان زانی وەرگێردراوی ئەم وتووێژە چاپ بکەین.**

**بەشی یەکەم**



"لە گواستنەوە بۆ قۆناغی دیموکراسی، بەرلەوەی بابەتی دابڕان بێتە گۆڕێ، بابەتی فیدراتیڤ بوون دێتە گۆڕێ، بەڵام ئەگەر بە وتەی زانایان وێکچوونەکە بە هێز لەبەرچاو بگرینو لە گەڵ خواستی زۆربەی خەڵك بۆ جیابوونەوە بەرەو روو بین هیچ ڕێگەچارەیەکمان نیە بێجگە لە بەدیهێنانیو دەبێ دان بنێین بە حاکمیەتی سندووقەکانی دەنگدان. لەو بڕوایە دام ئێمە نابێ پەنجەی ژمارە لەسەر حاکمیەتی دەنگی خەڵك ببزوێنین. هەر چەند لەو بڕوایە دام ئەگەر هەڵسو کەوتمان دروست بێو سەرەتاییترین مافەکانی کەمینەکان لەبەرچاو بگرینو بە دروستی بەرەو گلۆبالیزاسیۆن بڕۆین لە بنەڕەت دا ئەو قسانە هیچ واتایەکیان نابێ."

بەرەورووبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانیو سەرکوتی نێوخۆیی، ئێرانی خستۆتە دۆخێکەوە کە دەبێ بۆ هەر دەستدرێژی کرانە سەرێك ئامادە بێ. ئەم خاڵە لە قسەکانی ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ی سێپتامبری عەلی خامەنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ فەرماندەرانی ئەرتەش دا بە جوانی دەردەکەوت. ناوبراو لەو قسانە داکۆکیی لە توانای ئەرتەش بۆ بەرگری لە وڵات دەکرد بەڵام ئایا تەنیا بەهێزبوونی ئەرتەش دەتوانێ وڵات لەو مەترسییانەی لەپێشی دان بپارێزێ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەوانەیە لە روانگەی سوپاسالارانەوە کە ئەمڕۆژانە لەنێوخۆدا بە تەواوی دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتووە - و لەو بڕوایەدان کە بە سەرکوتو سڕینەوەی ڕەخنەگرانو نەیاران دەکرێ دەسەڵات لە هەر چەشنە مەترسییەك بپارێزن - بە دڵنیاییەوە ئەرێنی بێ بەڵام مێژووی پڕ لە هەورازو نشێوی ئێران دژی ئەم باوەڕەی سەلماند.

ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان ئاخوندەکان بە دروشمی "پاراستنی یەکپارچەیی خاكو سەربەخۆیی وڵات" توانیان دەسەڵات بە دەستەوە بگرن ئەمڕۆ لەبارودۆخێك دان کە لە ترسی ناڕەزایەتی دەربڕینی کەمینە قەومیو ئایینییەکانو لەوانەیە لەبەر ترسی جیددی بوونی جاییخوازیی کەمینەکان تەنیا بیر لە بێدەنگ کردنی هەر دەنگێکی جاییخوازیی بکەنەوە. بەڵام ئەم دەسەڵاتدارانە بێ ئاگان لەوەی کە کەڵك وەرگرتن لە سەرکوت هەروەکوو بەدرێژایی سێ دەیەی رابردوو هیچ ئاکامێکی ئەرێنیی لێنەکەوتەوە ئێستاش بێجگە لە قووڵبوونەوەی کێشەکانی نێوان دەوڵەتو خەڵكو پەرەسەندنی شۆڕشە قەومییەکان هیچ ئاکامێکی دیکەی لێناکەوێتە.

لەوانەیە کەڵك وەرگرتن لە تۆمەتی "کاریگەریی بێگانە" لەنێو چالاکانی کۆمەڵگای مەدەنیی قەومەکانی ئێران داو تۆمەتی بوونی دەستی دەرەکی لە بەهێز کردنی دروشمی جاییخوازیدا بیانوویەکی باش بێ بۆ سەرکوتی ناڕەزایەتییە مەدەنییەکانی کەمینەکان بۆ بەدەستهێنانی مافە سەرەتاییو حاشاهەڵنەگرەکان. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کەرەستەی سەرکوت توانای پێویستی بۆ هەرەسهێنان بە بەرگریی خەڵك نیەو تەنیا دەبێتە هۆی کورتبوونەوەی [ماوەی] دان بەخۆداگرتنی خەڵك.

داخستنی بڵاوکە ناوچەییەکانو دەستبەسەرکردنی چالاکانی مەدەنیی قەومەکان بە بیانووی راگرتنی چالاکییەکان بۆ دابەشکردنی ئێران هەرچەند بە ئاراستەی دروستکردنی دەنگێکی تاك لە کۆمەڵگا دا خەریکە روودەدا، کاتێك لە چوارچێوەیەکی گەورەتردا بدرێتە بەرسەرنج دەردەکەوێ کە مەبەست تەنیا بێدەنگ کردنی دەنگی کەمینەکان نیە بەڵکوو هەموو کۆمەڵگای ئێران قوربانیی ئەم بیرکردنەوە میلیتاریزەیەیە، بەڵام ئەم ستراتیژییە هێرشکەرانەیە ئاسەوارێکی وەکوو یەك لە هەموو ئێران دا دانانێ بگرە لە دەرەوەی سنوورەکانیش وەك یەك کەڵکی لێوەرناگیرێ.

ئەگەری دابەشبوونی ئێرانو رۆڵی سیاسەتمەدارانی ئازادیخوازی ئێران لە پارستنی یەکچارچەیی خاکی وڵاتدا بابەتی وتووێژێکە لەگەڵ موحسینی سازگارا چالاکی سیاسیو لێکۆڵەری زانکۆی هارواردی ئەمریکا:

محەممەد تەهووری: رووتێکردنی بەردەوام لە چالاکییە ساسی، کۆمەڵایەتیو کولتوورییەکان لە روانگەی نێوتەوەییەوەو بەهێزکردنی کۆمەڵگای مەدەنی لە نێو قەومەکانی ئێران دا ئەگەرچی پێویستەو بە ئاراستەی داکۆکی کردن لە مافەکانی هاووڵات بوونی کەمینەکانە بەڵام لە لایەن سیاسەتمەدارانەوە لەگەڵ دوو لێکدانەوە بەرەوروو بووە. لێکدانەوەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو روانگەیەی کە بزووتنەوە نێوخۆییو دەرەکییەکان بە کەڵك وەرگرتن لە شەپۆلی ناڕەزایەتیی خەڵك لە دەسەڵات شوێن بابەتی دابەشکردنی ئێرانو سەرهەڵدانی حکوومەت گەلێکی نوێ لە ناوچەدا بۆ گۆڕینی دەسەڵات کەوتوون. لێکدانەوەی دووەم لە سەر ئەو بنەمایە راوەستاوە کە ئەو هێزە شاراوەیەی لە ناوچە سنوورییەکان کە قەوم گەلێکی ئێرانی لێی نیشتەجێن ئەو دەرفەتەی رەخساند کە بە هاندانیان بۆ شۆڕش دژی حکوومەتی ناوەندی هەلومەرجی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە هەڵسوکەوتی دەسەڵات یان گۆڕینی دەسەڵات پێك بێنن، لەبەر ئەوە بەهێزکردنی رێکخراوە مەدەنییەکان بۆ کەڵك وەرگرتن لەو هێزە شاراوانەیان لەبەرچاو گرتووەو بە هیچ چەشنێك بە شوێن دابەشکردنەوە نین. ئێوە پێتان وایە ئەم لێکدانەوانە کامیان لە راستی نێزیکترن؟ بەڵگەتان چیەو ئەگەر وا نیە پێتان وایە لێکدانەوەی سێهەم هەیە؟

موحسین سازگارا: بەرلەوەی بمەوێ رای خۆم سەبارەت بە قەومەکانی ئێران دەربڕم پێم خۆشە ئاماژە بە چەند خاڵ بکەم تاکوو دوای لێکدانەوەی روانگەی خۆم بێمە سەر وەڵامی پرسیارەکەتان. خاڵی یەکەم ئەوەیە کە ئێران وڵاتێکە پێك هاتوە لە قەوم گەلو ئایین گەلی جیاواز. مێژووی ئێران نیشانی داوە کە ئێرانییەکان لەوانەیە لە پڕگە گەلێکی مێژوودا لێك دابڕابێتن، بەڵام دیسانەوە یەکتریان دۆزیوەتەوەو یەکیان گرتۆتەوە. یەکەم جار رۆژهەڵاتناسێکی رۆژئاوایی ئەم راستییەی ئاشکرا کرد. کەواتە بەم تایبەتمەندییەوە دابەشکردنی ئێران کارێکی ئاسان نیە. خاڵی دووەم ئەوەیە کە لە سەردەمی بە جیهانیبوون دا کە لە بنەڕەتدا رۆڵی نەریتیی دەوڵەت ـ نەتەوەکان کەم دەبێتەوە، زۆربەی ئەو دەسەڵاتانەی بە شێوەیەکی نەریتی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمی زایینیدا درابوو بە دەوڵەتەکان ئێستا دەدرێتەوە بە خەڵكو رێکخراوەکانو کۆمپانیا نێونەتەوەیییەکان، لە بەر ئەوە سەردەمی دروستبوونی دەوڵەت ـ نەتەوە گەلی نوێ نەماوە. ئەگەر ئەم رووداوەش بێتە گۆڕێ شەڕی نوێی قەومیی لێ دەکەوێتەوە. ئەزموونی یوگۆسلاوی لەو رووداوە نایابانە بوو کە لە سەردەمی نوێدا رووی‌دا کە ئەویش لە ژێر کارتێکردنی ئەڵماندا بوو. کەواتە دەبێ بوترێ جیهان بەرەو دروستکردنی دەوڵەتگەلی نوێ ناچێو بەجیهانیبوون جێی گرتۆتەوە. لە راستی‌دا لە جیهانێك دا دەژین کە کۆمپانیاگەلێکی نێونەتەوەیی بڕبڕەی پشتیان پێك هێناوە. خاڵی سێهەم بۆ خۆم لە سیاسەتمەدارێك بە ناوی هاشمیی رەفسەنجانیم بیست، ئێران وڵاتێکی فرەرەگەزەو تەنیا رێبەرایەتیی ئایینی دەتوانێ پێکەوەیان بهێڵێتەوەو ئەگەر رێبەرایەتیی ئایینی نەبێ ئێران پارچە پارچە دەبێ. شاش وای بیر دەکردەوە. شاش دەیگوت ئەگەر من نەبم ئێران دەبێتە ئێرانستان. بەڵام تێپەڕبوونی کات ئەوەی نیشاندا کە بە رۆیشتنی شا ئێران پارچە پارچە نەبوو، بە دڵنیاییەوە بەرۆیشتنی رێبەرایەتیی ئایینییش ئێران بە یەکپارچەیی دەمێنێتەوە. ئەوەی بە درێژایی مێژوو بۆتە هۆی جیاییخوازیی نەتەوەکانی ئێران، گەندەڵیو ئەشکەنجەو لێنەهاتوویی حکوومەتی ناوەندی بووە، لەو بارودۆخەدا بووە کە قەومەکان بۆ دەربازبوون لە زوڵمو دەستدرێژیی حکوومەتی ناوەندی وەك پەنایەکی جێی متمانە هانایان بردۆتە بەر قەومەکەی خۆیان. ئێستا کە هەر بەوچەشنەی کە دەسەڵات دڵی گەنجانی لە تاران ئێشاندوە دڵی گەنجی کوردو بەلووچو عەرەبو تورکیشی ئێشاندوەو بۆتە هۆی پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان. بەڵام دوایین خاڵ ئەوەیە کە لەو بڕوایە دام حکوومەتێکی دیموکراتیكو ئەسپاردنی کاری خەڵك بە خۆیان تەنیا رێگەی دەربازبوون لەو بارودۆخەی ئێستایە. ئێمە تەنیا لەو ناوچانە کە کەمینە رەگەزیو ئایینییەکانی لێیە پێویستمان بە دیموکراسی نیە بەڵکوو لە تەواوی کۆمەڵگادا دەبێ بەرەوسەقامگیر کردنی بنەما دیموکراتیەکانو دابەشکردنی دەسەڵات بڕۆین ئێمە پێویستمان بە پەرلەمانە هەرێمییەکان، هەڵبژاردنی شارەوانیەکانو پێدانی دەسەڵات بە خەڵكو دەسەڵاتدارەکانیان لە ناوچەکاندا هەیە.

محەممەد تەهووری: بەم روانگەیە ئێوە پشتیوانی لە ئیدەی فیدراسیۆن بوون دەکەن؟

سازگارا: بە دڵنیاییەوە، هەرچەند لەوانەیە وشەی فیدرالیزم لە ئێران دا بێ‌واتا بێ، چونکە ئێران هیچ کات بە شێوەی فیدراسیۆن نەبووە بەڵام ئێمە دەتوانین خۆبەخشانە پێکی بێنین. هەر چەندە بەرەو زیادکردنی دەسەڵاتە هەرێمییەکان بڕۆین بەو رادەیە یارمەتیمان بە سەقامگیربوونی پرۆژەی دیموکراسی لە ئێران داوە. سیاسەتمەدارێك کە بە شوێن پرۆسەی دێموکراسی خوازی‌یەوەیە نابێ لە هەرێمی بوونی دەسەڵاتەکان بترسێ. قەومەکانی ئێمە کۆمەڵێك داخوازی کۆمەڵایەتیو کولتووریی ئاشکرایان هەیە کە نەتەنیا مافی خۆیانە بەڵکوو دژوەستانەوەیان زوڵمە. هەندێك لەو داخوازانە وەکوو فێر بوونی زمانی زگماکی لە قوتابخانەکاندا ئەرکێکە لە سەر شانی دەوڵەتەکان تاکوو وەکوو کەلەپوورێك بیانپارێزن. دیارە ئەم داخوازانە زۆر بە ئاسانی لێکدانەوەی سیاسیان لێ دەکەوێتەوەو ئاساییە کە سیاسەتمەداران دەبێ لەم هێزە شاراوەیە کەڵك وەرگرن. ئەگەر هەلومەرجی فیکری بۆ زیاد کردنی دەسەڵاتە هەرێمییەکان لە بار بکرێت لە خەبات بۆ دێموکراسی دا نابێ ترسێك لە سیاسی بوونی ئەو داخوازانەدا هەبێت. هەنووکە دەبێ لە وەڵامی پرسیارەکەی ئێوەدا بڵێم ئەوەندەی ئەمن ئاگام لێیە گەڵاڵەیەك لەواشنگتۆنو لەندەن بۆ دابەشکردنی ئێران بوونی نیە.

ئەوان بیرلە ئاسایش لە جیهاندا دەکەنەوە بۆ وەگەڕخستنی سەرمایەو چالاکیی ئابووری نەوەك خولقاندنی قەیران. دابەشکردنی وڵاتەکان بەسەر دەوڵەتگەلی نوێدا بەواتای دروستکردنی سەرچاوەگەلی قەیرانەو کەس پشتیوانیی لێ ناکا، مەگەر لە کۆمەڵگا گەشە سەندووەکاندا وەکوو چێكوسلۆواکیا. گومانی دابەشکردنی ئێران لە گەڵ بەڕێوە بردنی سیمیناری رێکخراوی ئینترپرایس لە واشنگتۆن لە لایەن مایکێل لێیدنەوە هاتە ئارا. ئەمە لە حاڵێك دایە کە مایکێل لێیدن تەنانەت لە ناو ڕۆژنامەوانەکانیشدا کەسێکی ئەوندە جددی نیەو ناتوانێ پێوەرێك بێت بۆ سیاسەتەکانی کۆشکی سپی. هەڵەترین بیرۆکە ئەوەیەکە ئێمە بمانەوێت بەپێی لێکدانەوەی بڵاوکە ئازادو سەربەخۆ ئەمریکیەکان لە سیاسەتەکانی کۆشکی سپی بگەین. لە هەمان کاتدا دڵە ڕاوکێی کۆشکی سپی دروستبوونی سەرچاوە گەلی نوێی قەیرانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا.

لەو بڕوایەدام تەنانەت ئەگەر واش بیر بکرێتەوە کە دەستێکی دەرەکی دەیهەوێ هانی کەمینەکان بدات بۆ گوشار خستنە سەر دەسەڵات هەڵەیەو ستراتێژی‌یەکی واش لە ئارادا نیە. باشترین نموونە بۆئەم بۆچوونە نائارامییەکانی خووزستانە. کاتێك بەریتانیاییەکان تۆمەتی پشێویی بەسرەیان ئاراستەی ئێران کرد، پشێویی لە ئەهوازیش پەیدا بوو. ئێرانیش لە بەرامبەر ئەوەدا تۆمەتی پشێوییەکانی ئەهوازی ئاراستەی بەریتانیا کرد. دیارە ئەوەی کە دەوڵەتەکان ناڕاستەوخۆ هەڕشە لە یەکتر دەکەن بوونی هەیە بەڵام ئەم ڕووداوانە کاتینو ستراتیژی‌یەك نین. نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت کاتێ دوو وڵات بەیەکەوە کێشەیان هەیە لە گەڵ یەکدا هەر دوو لایەن لە هەر کەرەستەیەك دژی یەکتر کەڵك وەردەگرن. لە شەڕدا لەوانەیە هەموو شتێك ڕووبدا. سیاسەتمەدارەکان نابێ لەو کەرەستانە بترسن کە دەوڵەتەکان دژی‌یەك بەکاری دەهێنن بەڵکوو هەنووکە ئێمە دەبێ بە جەخت کردنەوە لەسەر داخوازە ڕەواکانی قەومەکانو ڕێزگرتنیان، بەشوێن دێموکراتیزە کردنەوە بین.

# سوسیال دێموکراسی چیه؟

**( بەشی حەوتەم )**

**وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور**

**بە مەبەستی خستنەڕووی بیروبۆچوونی جۆراوجۆر لەبارەی سۆسیالیزمو سۆسیال دێموکراسیداو هەروەها مۆدێلو ئەزموونەکانی سیۆسیالیزم لە وڵاتان دا، "کوردستان" وەرگێڕدراوی کتێبێك لە زمانی ئینگلیزییەوە لەبارەی سۆسیالیزم دا لەژێر ناوی "سوسیال دیموکراسی چیە؟"دا بە شێوەی زنجیرەیی بڵاو دەکاتەوە. ئەم کتێبە لە نووسینی ئینگڤار کارلسۆنو ئان ماری لیندگرێنە.**

### ناکۆکی لە دیموکراسیدا

هەر چۆنێک بێت، ئەو ڕاستییە کە بریارە دێموکراتیکەکان بە جۆرێک دانراون کە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان وەها دروست بکەن بۆ گەشە کردن و ئاسایشی کۆمەڵایەتی تاکەکان بە سوود بن، بەو مانایە نیە کە هەموو داخوازە تاکییەکان دەستەبەر دەبن. پڕۆسەی سیاسی جەخت لە سەر تێکۆشان بۆ دیتنەوەی ڕێگا چارەی هاوبەش دەکات کە (بە لەبەر چاو گرتنی ژمارەیەک مەرجی دەرەکی بۆ وێنە سامانە ئابوورییەکان) باشترین ڕێگا چارە بن بۆ زۆرینەی خەڵک. بۆیە دێموکراسی ناتوانێ وەک مافی وەدەست هێنانی هەرچی بتهەوێ پێناسە بکرێت. دێموکراسی مافی بەشدار بوون و بە کار هێنانی دەسەڵاتە بەڵام نەک سەپاندنی بریارەکان بە پێی بۆچوونی خۆت؛ بە پێچەوانە، دێموکراسی ڕێز گرتن لەو بریارانە دەخوازێ کە دراون، هەر چەند ئەو بریارانە بە پێچەوانەی ویستی مرۆڤ بن.

لێرەدا ئێمە ناکۆکییەکی خۆڕسکی (in-built tension) حەتمی لە ناو دێموکراسیدا دەبینین. لە کۆتاییدا ئامانجی یەکلا کەرەوە، ئازادی و ئاسوودەیی تاکە. بەڵام ئامرازی پێویست هاوکاری گشتییە چونکە مرۆڤەکان وەک زیندەوەرێکی کۆمەڵایەتین و هەر بەو جۆرەش دەمێننەوە کە بۆ ئاسایشی کۆمەڵایەتی تاکیی خۆیان پشت بەستوو بە یەکترن. هەڵبەت دەکرێ ئەوە وەک سنووردانانێک سەیر بکرێت.

ئەوەی کە دەبێ بە ڕوونی بوترێ ئەوەیە کە بەدیلی پڕۆسەی دێموکراتیک کۆمەڵگایەکی تێکەڵ پێکەڵی ڕێک نەخراوی مەدەنی نیە کە لەوێدا هەر کەس وەدوای ویستەکانی خۆی بکەوێ (ئەوە لە ڕاستیدا کۆمەڵگایەکە کە لەوێدا هەر کەس دەبێ بە دژی ئەوانیتر بۆ وەدەست هێنانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی خۆی خەبات بکات و لەوێ بە هێزەکان ئەوانی لاواز وەلا دەنێن). ناکۆکدی خۆڕسکی ناو دێموکراسی لە هەمان کاتدا کە بە ڕەنگارییەکی گەورەیە دەشتوانێ ببێتە فاکتەرێک بۆ چالاک کردن و بە هێز کردنی دێمۆکراسی: دروست کردنی سیستەمێک کە لەوێدا هەموو کەس دەرفەتی بەشداربوونی هەبێ و کە لەوێدا سیستەمی کۆمەڵایەتی بە دەست ئەو گرووپانە دروست نە کراوە کە بە پێناسە ژێر دەستی ئەوانیتر بن.

دێموکراسی پرسی مافەکانە بەڵام لە هەمان کاتدا پرسی ئەرکەکانیشە: ئەرکی بەشداری کردن لە پڕۆسەی دێموکراتیکدا بۆ ئەوەیە کە ببێتە پڕۆسەیەکی زیندوو. لە بەر ئەو هۆیە سۆسیال دێموکراسی ئەو بۆچوونە لە سەر دێموکراسی کە زۆرجار تا ڕادەیەک وەک شێوەیەک لە بازار وەسف دەکرێت ڕەت دەکاتەوە: دەنگدەر دەگەڕێ بە ناو ئەو بۆچوون و بەڵێنانە کە لە سەر ڕێفۆرم پێشکەش دەکرێن و ئەو بۆچوون و بەڵێنانە هەڵدەبژێرێت کە بەکەیفی ئەون.

پرسیارەکە ئەوەیە کە کێ بریاری داوە کە چ بەدیلێک لە بازاردا پێشکەش بکرێن؟

ئەگەر بمان هەوێ لێکچواندنێک بە کار بێنین، دێموکراسی وەک مەیدانێکی گشتی نیە، ئەو زۆرتر وەک خانوویەک دەچێ، خانوویەک کە ئێمە هەموو باس لە سەر نەخشەکەی دەکەین، کە ئێمە هەموو لە دروست کردنیدا بەشداری دەکەین و ئێمە هەموو بەرپرسیارین بۆ ئەوەی کە دڵنیا بین کە کەرەستەکان بە باشترین شێوە کەڵکیان لێ وەربگیرێت.

### کەرسەکانی شی کردنەوە

#### مارکسیزم

ئایدیۆلۆژییەک تەنیا لە بەهاکان پێک نەهاتوە بەڵکوو لە کەرەسەی شی کردنەوەی کۆمەڵگاش پێکهاتوە کە بۆ تێگەیشتن لەو میکانیزمانە بەکار دێت کە دەبێ بگۆردرێن بۆ ئەوەی مرۆڤ بە ئاواتەکانی بگات.

کارل مارکس (١٨٨٣ ـ ١٨١٨) و تیۆرییەکانی ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێرن لە هەموو ئەو شیکردنەوانەی کۆمەڵگا کە ڕەنگی سۆسیالیستییان پێوەیە، ئەو تیۆرییانەی کە تا ڕادەیەکی بەرچاو بە هاوکاری فرێدریک ئینگێلس (١٨٩٥ ـ ١٨٢٠ ) گەڵاڵە کراون.

هەر چۆنێک بێت، "مارکسیزم" وەک چەمک شتێکە کە زۆرجار بە هەڵە لێکدراوەتەوە و پێش ئەوەی کە ئێمە باس لە دەوری شیکردنەوەی مارکسیستی لە گەشە کردنی بیروباوەڕی سۆسیال دێموکراسیی سوێد بکەین دەبێ لە پێش هەموو شتێکدا باس لە چەمکی "مارکسیزم" وەک خۆی بکەین.

مارکسیزم، ئەگەر مرۆڤ مەبەستی تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکانی مارکس بێت، ئایدیۆلۆژییەکی سیاسی یا خود بەرنامەیەکی کاری سیاسی نیە. کارل مارکس تیۆرییەکی گەشەکردنی دامەزراند کە بناغەکەی فەلسەفەی مێژوو بوو کە لەوێدا خاڵی دەستپێکی، مێژووی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئورووپا بوو، کە لەوان ڕا ژمارەیەک ئەنجامی لە بارەی ڕەوتی پێشکەوتن لە داهاتوودا هەڵێنجاون. "هەموو مێژوویەک مێژووی خەباتی چینایەتییە" وەک نموونەیەک لە مانیفێستی کۆمۆنیستی، و خەباتی چینایەتی لەو چوارچێوەیەدا بە مانای خەباتی ئابوورییە: خەبات بۆ وەدەست هێنانی دەسەڵات بە سەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی بەروبوومی بەرهەمهێنان.

مارکس کۆمەڵگای سۆسیالیستیی وەک کۆتایی مێژوو دەدیت و مەبەستی کۆمەڵگایەک بوو کە هەموو کێش مەکێشەکان لە سەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان کۆتایی پێ دێت. هەر چۆنێک بێت ئەو خاڵە کۆتاییە بۆ مارکس ئاکامی ئاڵوگۆڕی تەکنیکی لە سەر هێزەکانی بەرهەمهێنان بوو.

ئەو هێزانەی کە ئەو سامانە گەورانەیان دروست دەکرد کە بتوانێ ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو لایەک دابین بکات و بەو هۆیە چیتر پێویست بە خەباتی چینایەتی نەبێت. بە وتەی مارکس سەرمایەداری بەو شێوەیە دوایین قۆناغە، بەڵام قۆناغێکی پێویست پێش پەرەستاندنی سۆسیالیزم؛ ئەوە لە سەرەتادا بە هۆی سەرمایەداری بوو کە هێزی وەها ئازاد بکرێن کە بتوانێ ئاکامەکەی بەرهەمهێنانی هێندە زۆر بێت کە بتوانێ ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ هەمووان دەستەبەر بکات.

بەڵام بێ توانایی خۆڕسکی سەرمایەداری لە ڕێکخستنی ئەو هێزانە و دابەشینەوەی بە روبوومی بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، بە ناچار دەبنە هۆی ئاژاوە و هەرەس هێنان و ئەوکات شۆڕشی کرێکاری دەست پێ دەکا و پاشان کۆمەڵگای بێ چین دروست دەبێت.

بە واتایەکیتر کۆمەڵگای سۆسیالیستی وەک ئاکامی بێ ئەملاوئەولای ڕەوتی مێژوو سەیر دەکرا نەک وەک شتێک کە لە ڕێگای چالاکیی سیاسییەوە ڕێک بخرێت. لە ڕاستیدا تیۆرییەکانی مارکسیستی سیاسەت وەک ئامرازی گۆڕینی کۆمەڵگا بە واتای دروستی خۆی دەر داوێن، چونکە گەشە کردن وا سەیر دەکرا کە لە ژێر کاریگەریی هەندێک پڕۆسەی یەک لە دوای یەک بە تایبەتی لە بواری ئابووری و تێکنۆلۆژیدا بێت.

#### دووبارە وەرگیرانەوەی مارکسیزم

دانیشتن و چاوەڕێی گەشە کردن بوون (بە تایبەتی ئەگەر مەسەلەی گەشە کردن لە ماوەیەکی زۆر درێژخایەندا بێت) هەر چۆنێک بێت لە ڕوانگەی بەرنامەی تێکۆشانی سیاسییەوە شتێکی دڵخۆش کەر نیە. ئەو چاوەڕوانییە هێندەیتر دڵ ناخۆشکەرە کاتێک کە مەرجەکانی ژیانی ڕۆژانەی جەماوەر لە ڕادەبەدەر دژوار بێت و داخوازی بۆ ئاڵوگۆڕ تا سنووری تەقینەوە بە هێز بێت. کە وابوو ئەوەی لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا ڕوویدا گەڵاڵە کردنی ژمارەیەک ستراتێژیی سیاسی بە مەبەستی خێرایی دان بە ئەو پڕۆسەیە بوو، ئەوانە دەکرێ وەک سەرخانی سیاسی سەیر بکرێن کە لە سەر تیۆرییە زانستییەکانی مارکسیستی بینا کراون.

هەروەک پێشدا وەسفمان کرد، حیزبە سۆسیالیستەکان بە سەر دوو ڕەوتی سەرەکیدا دابەش بوون: یەکێکیان ڕەوتی شۆڕشگێری و ئەوەی تریان ڕیفۆرمیستی، حیزبە شۆڕشگێرەکان دەیان هەویست بە ساز کردنی شۆڕش بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازی (توندوتیژیی) سیاسی گەشە کردن خێراتر بکەن، بێ وێستان لە سەر پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە پەیوەندی نێوان فاکتەرەکانی بەرهەمهێنان، کە بە وتەی مارکس پێشمەرتەکانی شۆڕشیان دەستەبەر دەکرد. ڕەوتی فکریی ریفۆرمیستی دەی هەویست پڕۆسەی ئاڵوگۆڕ و چاکسازی کۆمەڵگا دەست پێ بکات بۆ ئەوەی کە بتوانێ داخوازەکان بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانی جێبەجێ بکات بێ ئەوەی کە چاوەڕوانی ئەو شۆڕشە بێ کە بە وتەی مارکس پێشمەرتی پێشکەوتن بوو.

لانی کەم لە قۆناغی سەرەتایی مێژووی سۆسیالیزم هەمیشە باسی وەها دەهاتنە ئاراوە کە کام حیزب بیروباوەڕەکەی دروستترە، کە وەک پێوەر مەبەست ئەوە بوو کە کام حیزب زۆرتر بە مارکس وەفادارە. ئەم جۆرە گفتوگۆیانە بێ سوودن؛ سەر جەم ئەو حیزبانە کە بیروبۆچوونەکانی مارکسیزم بە کار دێنن ئەوانیان گوڵ بژێر کردوون و بۆ هەر کام لەوان لێکدانەوەی تایبەت بە خۆیان هەیە. ئەوە شێوازی کۆنی کۆمۆنیزمی سۆڤیەتیش دەگرێتەوە، بە پێچەوانەی بانگەشەی خۆیان کە گوایە ئەوان حیزبی ڕەسەنی مارکسیستین.

#### باوەڕ بە چارەنووس

گفتوگۆی وەفاداری بە مارکس، هەر چۆنێک بێت، هۆی زۆر تایبەتی هەیە: مارکسیزم بانگەشەی سەلماندنی پێویستیی سۆسیالیزمی بە شێوەیەکی زانستیانەی دەکرد، و لادان لە شێوازی بیرکردنەوەی مارکسیستی بە مانای دانانی کۆسپ لە سەر ڕێگای گەشە کردن بوو. ئەو بەشە ناچارییە لە مارکسیزم (مەبەست لەوە ئەو بۆچوونەیە کە گەشە کردنی مێژوو مەحکووم بە پێوانی ڕەوتێکی لە پێشدا دیاری کراوە) بە داخەوە زەرەری بەرچاوی لە بیروباوەڕی سۆسیالیستی داوە. ئەگەر ڕەوتی گەشەکردن پێشدا دیاری کراوە، کە وابوو ئەو کەسانەی کە لەوە تێگەیشتوون و بەو هۆیە نوێنەرایەتی "ڕاستی" دەکەن پێویست ناکا گوێ بدەنە بۆچوون و سەلیقەی ئەوانیتر. ئەوانیتر بە پێناسە هەڵەن و هەر بۆیە گرنگ نین. ئاکامی ئەو جۆرە بۆچوونە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی ڕاونانی فکرە ئازادەکان، ئەو کەسانەی کە بەرهەڵستی ئەو ڕێبازە دەکەن کە وەک "ڕێگای ڕاستەقینە" دیاری کراوە مۆری دوژمنانی کۆمەڵگایان لێ دەدرێت.

هەموو بۆچوونە ناچارییەکان یا بە واتایەکیتر هەموو ئایدیۆلۆژییە بنچەگەرییەکان (Fundamentalist ideology) کە ئەو بۆچوونە بەرز دەکەنەوە کە تەنیا **یەک** ڕێگا هەیە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی باش دەبێ پەیڕەوی لێبکرێت، لەو ڕوانگەیەوە نادێموکراتیکن. ئەو داخوازە کە هەموو کەس دەبێ تەنیا ڕێبازێک بگرنە بەر دەخرێتە سەرووی داوای دێموکراتیکیی ڕێگادان بە خەڵک بۆ هەڵبژاردنی سیاسەتی خۆیان لە گفتوگۆیەکی ئازاد و لە ڕێگای هەڵبژاردنی ئازادەوە. لە ناو کۆمۆنیزمی سۆڤیەت کە سەرەڕای ئەوەش کە لە سەر تیۆری قۆرخکەری پلە یەکەم لە لێکدانەوەی ڕاستەقینەی مێژوو دامەزرابوو، لایەنە دژە دێموکراتیکەکەی تا ڕادەیەکی وێرانکەر بە هێز بوون و هەر ئەوە بووە هۆی کەوتنە ناو ڕەوتێک کە دژایەتییەکی ڕاستەوخۆی لە گەڵ بەهاکانی سۆسیالیستی وەک ئازادی و یەکسانی هەبوو.



"لاپەڕی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بڵاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

# ئەزموونی بزاڤی ئیرلەندی باکوورو دۆخی هەنووکەی بزاڤی کورد

**سامان فەقێ نەبی**

بزاڤی ناسیونالیستی ئیرلەند لە ساڵی ١٩٢٢ی زایینی بەم لاوە، وەك بزاڤێکی لکێنەرخواز "الحاق طلب" خۆی پێناسە کردوە. ئەو بزاڤە نەتەوەییە لە هەوڵی ئەوە دایە کە ٦ پارێزگای ئیرلەندی باکوور (ئالستر) بخاتە سەر وڵاتی ئیرلەندی باشوور (کۆماری ئیرلەند). " شین فێن" وەکوو ڕێکخراوێکی سیاسیو "ئەرتەشی کۆماریخوازی ئیرلەند" وەکوو باڵی نیزامیی ئەو ڕێکخراوەیە لە چوارچێوەی وەدیهێنانی خواستی ئیرلەندی باشووردا، بە دەیان ساڵە لە گۆڕەپانی سیاسیی ئەو دوورگەیەدا سەرقاڵی چالاکین.

گرفتێکی سەرەکیی بەردەم "شین فێن" ئەوەیە کە زۆرینەی حەشیمەتی ئیرلەندی باکووری لەو بەرەچەڵەك سکاتلەندییانە پێك هاتوە کە لە لایەن ئیمپراتۆریی بریتانیاوە ڕەوانەی باکووری ئەو دوورگەیە کراوان، ئەو سکاتلەندییانە کە خاوەن مەزهەبی پرۆتیستانن، مەیلێکی بەرچاویان بەرەو لای ئینگلیس هەیەو دژی خواستی کەمینەی ئیرلەندین (خاوەن مەزهەبی کاتۆلیك). بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو بەشی ئیرلەند، لە ڕاستیدا ساڵی ١٩٢١ پارلمانی ئیرلەند لە ژێر گوشارو هەڕەشەی بریتانیادا ڕازی بوو کە دەست لە ٦ پارێزگای باکووری ئەو دوڕگەیە هەڵگرێو بەم جۆرە ساڵی دواتر واتا ١٩٢٢ تەنیا سەربەخۆیی ئیرلەندی باشوور بە ڕەزامەندیی بریتانیا ڕاگەیەندرا.

ناسیونالیستەکانی ئیرلەند جیا لەوەیکە خوازیاری یەکگرتنەوەی هەر دوو پارچەی ئەو وڵاتەن، بەهۆی سازشی ڕێبەرانی ئیرلەندی باشوور لەگەڵ بریتانیا لەمەڕ دەست هەڵگرتن لە ٦ پارێزگای باکووری ئەو دورگەیە، هەر لە سەرەتاوە دروشمی دژایەتی لەگەڵ دەسەڵاتی ئیرلەندی باشوریشیان بەرز کردەوەو بەم هۆیە لە ساڵی ١٩٣٦، " ئەرتەشی کۆماریخوازی ئیرلەند" لە ئیرلەندی باشوور وەك ڕێکخراوێکی نایاسایی لە قەڵەم دراوە. لە مێژووی هاوچەرخی ئیرلەنددا، ساڵی ١٩٦٩ وەك خاڵی وەرچەرخان دەژمێردرێ، لەو ساڵەدا "ئەرتەشی کۆماریخوازی ئیرلەند" بە شێوەیەکی چالاك لە ئاستی نیزامییەوە هاتە نێو گۆڕەپانەکەوەو بەم شێوەیە بزاڤی ئیرلەندی باکوور کەوتە نێو قۆناخێکی تازەوە.

لێرەدا ئەوەیکە بۆ ئێمە جێی بایەخە، بریتیە لە تیشك خستنەسەر هێندێك ئەزموونی خەباتگێڕانی ئیرلەندی باکوور، کە بزاڤی نەتەوەیی کورد لە دۆخی ئێستادا لە زۆر لایەنەوە دەتوانێ لەبەر چاویان بگرێ.

١ـ " ئەرتەشی کۆماریخوازی ئیرلەند" کەلە ٤٠٠ تا ٥٠٠ کەسی نهێنیو لە شکڵی گرووپی بچووكو لێك جیا پێك هاتوە، لە خاکی هیچ وڵاتێك وەکوو پشتی بەرە کەڵکی وەرنەگرتوە.( لە ڕاستیدا تەنیا دراوسێی ئیرلەندی باکوور، ئیرلەندی باشوورە کە خۆی بەدەیان ساڵە دژی ئەرتەشی کۆماریخوازی ئیرلەند تێدەکۆشێ.) لەو سۆنگەیەوە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیش (لە ڕۆژهەڵات، باکوورو ڕۆژئاوا) لە جیاتی ئەوەیکە لە خاکی باشووری کوردستان وەکوو پشتی بەرە کەڵك وەرگرێو ئەو دەسەڵاتە خۆجێییە تووشی گرفت بکا(ئەو بیانوویەی کە بەردەوام لەلایەن دەسەڵاتی باشوورەوە ڕووبەڕووی هێزە کوردییەکانیتر کراوەتەوە)، دەتوانێ وەکوو ئالترناتیڤی خەباتی چەکداریی ئاشکرا لە هەر کام لە پارچە داگیرکراوەکان، ئەرتەشێکی نهێنی هاوشێوەی "ئەرتەشی کۆماریخوازی ئیرلەند" پێك بهێنێ.

٢ـ "شین فێن" کە پێوەندییەکی چڕو پڕی لەگەڵ "ئەرتەشی کۆماریخوازی ئیرلەند" هەیە، بەردەوام لە بەرامبەر ڕازی کردنی ئەرتەشی کۆماریخواز بۆ دەست ڕاگرتن لە کردەوەی نیزامی، گەلێك پوانی لە ئینگلیس وەرگرتووەو توانیویەتی بەو جۆرە مانۆرە سیاسیانە ڕوخسارێکی ئاشتیخواز لە خۆی بۆ دنیای دەرەوە نیشان بدا. بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردیش لە باکووری کوردستان تا ڕادەیەك لەو ئەزموونە کەڵکی وەرگرتوە، هەنووکە پارتی کۆمەڵگای دێموکراتیك (DTP ) وەکوو باڵی سیاسیی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) دەناسرێو ئەو پارتە هاوشێوەی "شین فێن" لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری دەکاو لە ئاستی دیپلۆماسییشدا گەلێك دەسکەوتی بۆ بزووتنەوەی کورد دەستەبەر کردوە. لەو دواییانەدا شاندێکی (DTP) سەردانی "جێری ئادامز" ڕێبەری "شین فێن"یان کرد، کە لەلایەن توێژەرانی سیاسییەوە جێگای سەرنج بوو. شایانی ئاماژە پێکردنە کە هەلومەرجی لەو شێوەیە بە تەواوەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هێشتا لە ئارادا نیە، بەڵام دەکرێ بەرە بەرە بەستێنێکی شیاو بۆ ئەم مەبەستە خۆش بکرێ.

٣ـ ئەگەرچی پرۆسەی ئاشتی لە ئیرلەندی باکوور چەند ساڵێکە هاتۆتە کایەوە، بەڵام "ئەرتەشی کۆماریخوازی ئیرلەند" ئێستاشی لەگەڵ دابێ، خۆی هەڵنەوەشاندۆتەوەو چەکی دانەناوە. لە ڕاستیدا ئەرتەشی کۆماریخواز لەلایەن ئیرلەندییەکانەوە وەکوو گەرەنتیی درێژەکێشانی پرۆسەی ئاشتی سەیر دەکرێ. ئەرتەشی کۆماریخواز بەردەوام ڕایگەیاندوە کە لە ئەگەری پێشێل کردنی مافی کەمینەی ئیرلەندی لەلایەن زۆرینەی سکاتلەندییەوە، پتانسێلی خۆی بۆ نائارام کردنی ئەو وڵاتە دەخاتە گەڕ. هەر لەم چوارچێوەیەدا چەك دانانی هێزە کوردیەکانی ڕۆژهەڵاتو باکووری کوردستان بە بێگەیشتن بە ئاشتییەکی جێگیرو جێی ڕەزامەندی نەتەوەی کورد، هەڵەیەکی کوشندە لە قەڵەم دەدرێ.

٤ـ بەدەیان ساڵە کە بەشێکی بەرچاو لە داراییەکانی "ئەرتەشی کۆماریخوازی ئیرلەند" لەلایەن ئەو ئیرلەندییانەوە دابین دەکرێ کە لە ئەمریکادا دەژین، لەو سۆنگەیەداو لە چوارچێوەی ئەرکێکی نەتەوەیی، جێی خۆیەتی کە ڕەوەندی کوردیش لە دەرەوەی وڵات دەورێکی زیاتر لە بەخشینی یارمەتیی ماددی (دیارە خۆویستانە) بە بزوتنەوەی کورد لە نێوخۆی وڵات دا بگێڕێ.




**بەدەیان ساڵە کە بەشێکی بەرچاو لە داراییەکانی "ئەرتەشی کۆماریخوازی ئیرلەند" لەلایەن ئەو ئیرلەندییانەوە دابین دەکرێ کە لە ئەمریکادا دەژین، لەو سۆنگەیەداو لە چوارچێوەی ئەرکێکی نەتەوەیی، جێی خۆیەتی کە ڕەوەندی کوردیش لە دەرەوەی وڵات دەورێکی زیاتر لە بەخشینی یارمەتیی ماددی ( دیارە خۆویستانە ) بە بزوتنەوەی کورد لە نێوخۆی وڵات دا بگێڕێ**

## پەیڤ

### کۆنگرەی چواردە، نوێ بوونەوە یا گەڕانەوە بۆ دواوە!

**مامەند ڕۆژهەڵاتی**

ئەگەر چاوێك بە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بخشێنینو هەڵسەنگاندنێکی لۆژیکیمان بۆی هەبێ، دەکرێ ئەم قۆناغە لە خانەی یەکێك لە قۆناغە هەرە لاوازەکانی تەمەنی ئەم بزووتنەوەیەدا پۆل بەندی بکەین. قۆناغێك کە لێك دابڕانو پەرتەوازەیی حیزبە سیاسییەکان لە هێما بەرچاوەکانیەتی. قۆناغێك کە مۆرکێکی شڕو شپرزەی بە نێو چاوانی بزووتنەوە چەسپاندوەو بە دوای خۆیدا گەلێك ئاستەنگو قەیرانی تازەی خوڵقاندەو لە هەمان کاتدا هێندێك بواری دڵخۆشکەرو جێگای هۆمێدی پێك هێناوە.

بەدوای ئەم کێشانەدا زۆر کەس، لە ڕوانگەی مێژوویی‌و سیاسیو...ئەم بارودۆخەیان تاوتوێ کردوەو هۆکارەکانی قەیرانیان دەست نیشان کردوە. ئەگەر ئاوڕێکی کورتو بە پەلە لە هۆکارەکانی ئەم لێك دابڕانانە بدەینەوە دەکرێ خاڵە لاوازەکانو فاکتەرەکانی پێك هێنەری ئەم قەیرانانە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا فورمولە بکەین.

١ـ پێکهاتەی سانترالیستیو نەریتیی دەسەڵات ٢ـ نەبوونی سیاسەت گوزاریی عەقڵانیو واقع بینانە ٣ـ پەروەردەیەکی لاوازو نەبوونی کلتووری دێموکراتیكو یەکتر قبووڵ کردن ٤ـ نەبوونی کەسایەتییەکی کاریزماو خاوەن ئوتۆریتەی ڕێبەری ٥ـ دووری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو واقعو ڕاستییەکانی کۆمەڵگا ٦ـ درێژە کێشانی کەمپ نشینیو بەرهەم هاتنی سیاسەتی چاوەڕوانی ٧ـ شەڕی دەسەڵات

٨ـ نەبوونی باڵبەندییەکی سیاسی، لۆژیکیو عەقڵانی ٩ـ بیچم گرتنی ململانێی ناسالمی حیزبیو نەهادینە بوونی ئەم شێوە کولتوورەی ململانێ لە حیزبەکان ١٠ـ کولتووری پێداهەڵگوتن بە حیزبداو نەبوونی ڕۆحێکی ڕەخنەگرانە ١١ـ قەیرانی شوناسو...

ئەمانە بەشێك بوون لەو فاکتەرانەی کە لە هەموو بوارەکاندا ئەم حیزبانەیان تووشی قەیرانێکی کوشندە کردبووو نەبوونی ئیرادەیەك بۆ چارەسەری ئەم کێشانە، واقیعی لێك دابڕان بەرهەم هێنا.

بە دوای لێك دابڕانداو بەتایبەت لێك دابڕانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هەڵگرتنی ئاڵای چاکسازیو ڕیفۆرمو هەنگاونان بۆ چارەسەری کێشەکان دەستی بە تێکۆشانی سیاسیی خۆی کرد. بێگومان باس لە چاکسازی تەنیا خاڵی پۆزەتیڤی ئەم لێکدابڕانە بووە، بە چەشنێك کە زۆربەی ئەو هێزانەی خوازیاری گۆڕانی بنچینەیی لە بارو دۆخی ئارایی حیزبەکانو خەون بە بزووتنەوەیەکی چالاكو ئەکتیڤیەوە دەبینن چاویان لەم پرۆسەیە بڕیوە، لە هەمان کاتدا بۆچوونێك هەیە کە دەڵێ ئەم چەشنە گۆڕانکارییەو باس لە ڕیفۆرم تەنیا پاساوێکە بۆ لەت بوونی حیزبی دێموکراتو پێیان وانیە کە دروشمی گۆڕان بەرهەمی تێگەیشتنێکی مەعریفیو عەقڵانی بێ لە کێشەو قەیرانەکانی حیزبی دێموکرات. بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەوەیە کە نزیك بە ساڵێكو چەند مانگێك لە تێکۆشانی ئەم بەشە لە حیزبی دێموکرات تێپەڕیوە ئەم حیزبە بەرەو گرتنی چواردەهەمین کۆنگرەی خۆی دەڕوا، کۆنگرەیەك کە دەبێ وڵامی کۆمەڵێك پرسیاری لەم چەشنە بداتەوە:

ئایا حیزبی دیموکرات دەتوانێ واز لەم سانترالیزمە بەرواڵەت دیموکراتیکە بێنێو دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاسۆیی دابەش بکاتو پێش بەم بڕووکراسییە سەنتەرگەرایە بگرێ؟ ئایا حیزبی دیموکراتو بەشدارانی کۆنگرە ئەو پۆتانسێلەیان تێدا بەدی دەکرێ کە ڕێبەرییەکی شایستە، لێهاتووو بەتوانا هەڵبژێرن؟ ئایا ئەو ڕوانگە زاڵە هاتۆتە سەر ئەو باوەرە کە پێوەر بۆ هەڵبژاردنی ڕێبەری دەبێ لێهاتوویی‌و توانایی بێ؟ یا هەر هەمان عەقڵییەتی کۆنگرەکانی پێشوو بەسەر فەزای کۆنگرەدا زاڵ دەبێ؟ ئایا حیزبی دیموکرات دەتوانێ گوتارێکی بەهێزی نەتەوەیی ساز بکاو بیری نەتەوەیی خەستتر بکاتەوە؟ یا دووبارە بە ئیستدلالی واقع بینی سیاسیی دەبێ دیسکۆرسی ئێرانچێیەتی بگرینە پێشو نەتوانین خۆمان لەو دوالیزمە فکرییە ڕزگار بکەین؟ ئایا حیزب دەتوانێ خاوەن پرۆژە بێ بۆ نوێ کردنەوەی سیستەمی پەروەردەو نەهادینە کردنی کەلتوورە دێموکراتیکەکان لە تاکی حیزبیدا؟ ئایا حیزب دەتوانێ خۆی لە قەیرانی کەمپ نشینی ڕزگار بکاو واز لە سیاسەتی چاوەڕوانی بێنێ؟ ئایا ئەم جارەش واقع بینیی سیاسی نابێتە پاساوێك بۆ ناچالاك بوون، پاسیڤ بوونو بێ ئیرادە بوون؟ ئایا بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆ بە چەشنێك دادەڕێژرێتەوە کە تاك خاوەن شوناسی خۆی بێو لە شوناسی گشتیدا نەتوێتەوە؟ ئایا حیزبی دێموکرات دەتوانێ ئەو دیوارە بێتوونییە لابەرێ کە لە نێوان خۆیو کۆمەڵگادا سازی کردوە؟ ئایا حیزبی دیموکرات دەتوانێ شەفاف بێ لەگەڵ کۆمەڵگاو بوار بۆ بەشداریی ڕۆشنبیرانو کەسانی دەرەوەی حیزب برەخسێنێ؟ ئایا ئەم گۆڕانکارییانە کە بە شێوەیەکی جیددیو بنگەهین دێنە ئاراوە یا بەتەنیا هەندێك ڕیفۆرمی ڕواڵەتیو ڕووکەش دەبن؟ ئایا.....

**ئەنجام:**

پڕ دیارە حیزبی دیموکراتی کوردستان تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ، لە نێو قەیراندا دەژیو چارەسەرکردنی ئەم قەیرانانەش بەندە بە خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنو زانستیانەو بە دوور لە دەمارگرژیی حیزبی. دەبێ واز لە ئەمنییەتی کردنی قەیران بێنین، ئەمنییەتی بەو مانایە کە لە ڕێگای هەندێك گۆتاری وەك ڕەت کردنەوەی ڕابردوو.... پێش بە شرۆڤەی ڕاستەقینەی قەیرانەکانو هۆکارەکانی سەرهەڵدانو ڕێگاچارەی ڕاستەقینەی قەیرانەکان نەگرین.

پڕئاشکرایە خۆ بواردن لە جێبەجێ کردنە ڕیفۆرمێکی بنگەهینو بەستنەوەی گۆڕانکارییەکان بە هەندێك گۆڕانکاریی ڕووکەشو سەرکاغەز، کە ڕەنگدانەوەی نەبێ لەسەر کۆمەڵگاو نەتوانێ کارکردنی حیزبی دێموکرات لە پراکتیك دا بگۆڕێ، دەرەنجام گەلێکی چاوەڕوان نەکراوی بۆ ئەم حیزبە دەبێو بە تەواوی پرۆسەی گۆڕان لەگەڵ بن بەست ڕووبەروو دەکاو ڕەوایی ئەم حیزبە دەباتە ژێر پرسیارەوە.

دریژەی

# هەواڵەکان

## لەندەن:

## بەڕێوەچوونی سیمینارێك لە ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان



ڕێکەوتی ١٩ی ژانویە کۆمەڵگەی یەکگرتووی کوردی لە رۆژهەڵاتی بریتانیا بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان شەستو دووهەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان سیمینارێکی لە شاری لەندەن پێك هێنا.

لەم سیمینارەدا کە لە ژێر ناوی "مێژووی هەنووکەی کوردو جێگای کۆماری کوردستان لەو مێژووەدا" بەرێوە چووو لەودا ژمارەیەکی زۆر لە چالاکڤانانی تاراوگە بەشدار بوون ،چەند باسی گرینگ پێشکەش کران کە بەم شێوەیەی خوارەوە بوون.

- باسێك سەبارەت بە ٦٢ یەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە لایەن کاك خالید عەزیزی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە.

– باسێك سەبارەت بە کۆماری کوردستان لەلایەن دوکتور سەعید شەمس کۆمەڵناسو لێکۆڵەرەوە.

– باسێك سەبارەت بە روانگەکانی کۆماری کوردستان لەلا یەن کاك ئەنوەر سوڵتانی مێژوونووسو نووسەرەوە.

پێویستە بگوترێ سەرەتای بەرنامەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" دەستی پێ کردو بە پێشکێش کرانی کورتەمێژوویەك لە بارەی "کۆمەڵگای کوردی رۆژهەڵات لە بریتانیا"دا لە لایەن چیمەن رەحیمییەوەدرێژە بە بەرنامەکە درا. هەر لەو سیمینارە دا عەلی کەریمی باسێکی لەسەر رۆژنامەی کوردستانو چۆنیەتیی کۆکردنەوەی پێشکێش کرد.

## جێگۆڕکێی بەربڵاو لە ئیدارەی ئیتلاعاتی کوردستان دا

راپۆرتەکان باس لەوە دەکەن ئیدارەی ئیتیلاعاتی کوردستان بە دوای سیخۆڕێك دا دەگەڕێن کە نفووزی کردۆتە ئیدارەکەو گەڕان بۆ دۆزینەوەی بە خەستی درێژەی هەیە. هەر لەو سۆنگەیەدا تیمێکی ئیتیلاعاتی بۆتە بەرپرسیاری بەدواداچوونی ئەو سیخۆڕە.

هەروەها دەگوترێ پاش بڵاو بوونەوەی وێنەی مەهدی مەولایی ناسراو بە هاتفی، قەسابی ئیتلاعاتی کوردستان، ناوبراو گوازراوەتەوە پارێزگای خوراسان. برای ناوبراو" هادی مەولایی" جێگری ئیدارەی ئیتیلاعاتی خوراسانە. ناوبراو بەرپرسی تیمی لێپرسینەوەی بکوژانی شەهید "ئیبراهیم لوتفوڵڵاهی" خوێندکاری کورد بوو. دەگوترێ بارودۆخی دەروونیی قەسابی ئیتیلاعاتی کوردستان باش نیە. هەروەها کەسێك بە ناوی"بورهان" یەکێك لە قوتابیەکانی (محسنی اژەیی) و ئەندامی کۆمەڵەی "مدرسە حقانی" کە مەئمورێکی کارلێهاتووی ئیدارەی ئیتیلاعاتی کوردستانە، بە دوای هاتنی ئەو تیمە تازەیە بۆ کوردستان، رادەگوێزرێتە یەکێك لە پارێزگا ناوەندییەکان کە لە بواری ئەمنیەتیەوە کەم مەترسیترە.

ئەو تیمە تازەیە لە رۆژانی داهاتوودا دێتە پارێزگای کوردستانو ئەگەری ئەوە هەیە لەگەڵ هاتنی تیمی تازە بۆ کوردستان شێوازی هەڵسوکەوتی هێمنانە لەگەڵ بەر هەڵستکاران، کە لە سەردەمی چاکسازیی (ئیسلاحات)دا باوی بوو، بگیرێتە بەر.

## چالاکێکی فەرهەنگی لە سنە حوکمی زیندانی بۆ دەرچوو

دادگای گشتیی شاری مەریوان حوکمی زیندانی بۆ چالاکێکی فەرهەنگیی شاری سنە بەناوی شۆرش گوڵکار دەرکرد. دادگای ناوبراو شۆڕشی بە تۆمەتی بەزاندنی نایاسایی سنوور بە ٩١ رۆژ زیندانی مەحکووم کرد. شایانی باسە ناوبراو ساڵی پاریش بە تۆمەتی هاوکاریی یەکێك لە حیزبە ئوپوزیسیۆنەکان لە لایەن دادگای شۆرشی کۆماری ئیسلامیەوە بە ٢ ساڵ زیندانی مەحکووم کرابوو کە دواتر لە پێداچوونەوە دا بۆی داشکا بە ٤ مانگ.

## ورمێ: دەرکرانی ٧٠ فەرمانبەری رێکخراوی"همیاری" پارێزگەی ورمێ

بە دوای گۆڕینی بەرێوەبەری رێکخراوی"همیاری" پارێزگەی ورمێ، حەفتا کەس لە فەرمانبەرانی ئەو رێکخراوەیە دەرکراون.

هۆکاری ئەو بریارە، ئەسپاردنی ئەو رێکخراوە بە کەرتی تایبەتو دابەزاندنی هێزی کاری ئەو رێکخراوە راگەیەنراوە. دەگوترێ رەوتی دەرکردنی ئەو فەرمانبەرانە کە پێشینەی کاریان ٥ تا١٥ ساڵە دەگاتە ١١٠ کەس.

## دیدار لەگەڵ پارڵمانتار خاتوو فەلەکناز ئوجا

چوارشەممە رێکەوتی ٣٠ ژانویە هاورێیان سارا مەحەممەدی بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزب لە وڵاتی بلژیک و کاوە ئاهەنگەری بەپرسی کومیتەی بلژیک دیدارێکیان لەگەڵ پارڵمانتار خاتوو فەلەکناز ئوجا (لیستی ئاڵمان) پێکهێنا. ئەم دیدارە کاتژمێرێکی خایاند و لە میانەی دیدارەکەدا کۆمەڵێک باس و بابەتی سەبارەت بە کوردستان، حیزبە کوردستانییەکان، بارودۆخ و چۆنێتیی پێوەندی حیزبە کوردستانییەکان، پارڵمانی ئورووپا و کێشەی کورد و هەورەها باسێک لەسەر کێشەی پەنابەرانی کورد لە تورکیە کە لەگەڵ شەرحی حال و کورتە باسیک و لیستی ناوی پەنابەران کە لە لایەن کومیتەی پەنابەرانی نیشتەجێ لە تورکیاوە ئامادەکرابوو، لە لایەن هەیئەتی کومیتەی بلژیکەوە درایە خاتوو فەلەکناز.

هەرووها هەیئەتی کومیتەی بلژیک لەسەر هەرچی چالاکترکردنی کەیس و کێشەی کورد لە پارڵمانی ئەوروپادا لەگەڵ بەرێز فەلەکناز گفتوگۆیان کرد. شایانی باسە کە هەم بەرێز ئوجا و هەم هەیئەتی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوونی یەکێتی و ستراتیژیی نەتەوەیی و هاوبەشی کوردیان لە ئێران و جیهاندا بە مەرجی سەرکەوتنی کورد بە سەر کێشەو گرفتەکانی بەردەم و زیاتر بایەخپێدانی دەوڵەتمەردانی ئوروپایی بە کێشەی کورد دیاری کرد.



## کۆچی دوایی عیسمەت کرمانج خوشکی کۆمەڵێک شەهیدی سەربەرزی حیزب و گەل

شەوی ٢٦ی ژانو یە بەرامبەری ٦ی ڕێبەندانی ئەمساڵ، ژن و مێردێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بەناوەکانی کاک سەید فەتاحی پارسا و خاتوو عیسمەتی کرمانج، هەردووک پەنجا ساڵە، خەڵکی ئاوایی ئیندرقاش، لەڕووداوێکی کتوپڕی لێکدانی ماشێن دا، گیانیان لەدەست دا و چەند منداڵیشیان بریندار بوون.

کاک سەید فەتاحی پارسا مرۆڤێکی دڵسۆز و ناسراوی ناوچەبوو. خاتوو عیسمەتیش خوشکی بەڕیزکاک حوسێن کرمانج و شەهیدانی نەمر کاک سمایل کرمانج، کاک سەلاح کرمانج، خوشکەمینا کرمانج، کاک مراد کرمانج و کاک تەها کرمانجە.

تەرمی ئەو ژن و مێردە بەڕێزە ڕۆژی دوای ڕووداوەکە، واتەی٧ ڕێبەندان، لەنێو خەم و پەژارەی خەڵکی ناوچەدا بەخاک سپێردران. لەڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن و سەرەخۆشیی ئەو ئازیزانەدا حەشیمەتێکی زۆر بەشدار بوون و خەفەتی خۆیان لەو کارەساتەدڵتەزێنەدەربڕی.

# لە قامووسی فیمینیزم دا

ب. هانا

### لەش ( جەستە )

بیردۆزەکانی پێوەندیدار بە هەستە جینسییەکانی جەستە، دەسەڵاتو کۆنترۆڵی سیاسیی لەشی ژنان لەلایەن سیستەمی پیاوساڵارییەوە، لە روانگەی فیمینزمەوە بایەخێکی تەوەرییان هەیە.

لە کۆمەڵگەی هاوچەرخ دا، ژنان تەنیا بە جەستەکەیانەوە پێشان دەدرێن. رێگە بە ژنان نادرێ زانیارییەکی ورد لەبارەی جەستەی خۆیان وەدەست بێننو، لەشی ئەوان بە سەرنجدان بە ئەرکەکەی دەکەوێتە بەر سەرنج. کریستوا دەڵێ ئەگەر ژنان بگەن بە دەسەڵات گەیشتنیان بە دەسەڵات وەك شتێکی ناتەبا لەگەڵ جەستە پێشان دەدرا. لە روانگەی ئەو جەستەی ژن دەسەڵاتێکە "دەلالەت هەڵنەگرە" ( 1974 وKristeva ).

جین گالوپ دەڵێ: ململانێیەکە هەموو کات "لە نێوان جەستەو دەسەڵات، لە نێوان جەستەو قانوون، لە نێوان جەستەو نێرایەتی، تەنانەت لە نێوان جەستەو ئاوەز" دایە (p.121 Gallop 1982)

یەکێك لە بیردۆزە فیمینیستییەکان لە بارەی جەستەوە، لە سەر بناغەی هێندێك تێگەیشتن لە سەربەخۆیی جینسی، بنیات نراوە. بە بۆچوونی شێری موراگا، "گەڕانەوە بۆ جەستە" قبووڵکردنی ناراشکاوانەی حەزی لزبینییە (1981و Moraga).



براین مورگان ئەم پێناسەیەی تا رادەی ستایشی غەریزەکانی ژیانی ئیروتێك (شەهوانی)و خودیی جەستەی ژنان، بەرین کردۆتەوە (1977و Morgan ). دو رۆڵی دینرستەین دەیسەلمێنێ کە بندەستیی ژنان، بەرهەمی نائاگایی ئەوان لە ئاست پرسی ئیرۆتێكو بوونی هەستی ترسی لە رادەبەدەر لە نێو کولتووری سەرجەم کۆمەڵگە لەبارەی جەستەی ژنەوەیە ( 1976و Dinnerstein).

### سیاسەتی جەستە

### Body Polties

ئەم زاراوەیەش ئاماژەیە هەم بۆ پێوەندییە فیزیکییەکانیدەسەڵاتو، هەم بۆ خەبات دژی هەموو شێوەکانی توندوتیژیی دژی ژنان. نانسی م. هێنلی دەڵێ زمانی جەستە لە کۆمەڵی ئێستادا لەخۆیدا جنسگەرایە ( ١٩٧٧و Henley ).

فیمینیستەکانی دیکە لە چەمکی "سیاسەتی جەستە، بۆ باسی توندوتیژی دژی ژنان کەڵك وەردەگرن، توندوتیژییەك کە نەك هەر لە دامەزراوە پیاو سەردارەکانی بنەماڵە، پزیشکیو فێرکردن دا، بەڵکوو لە پێوەندییە چەوسێنەرانەو سەر کوتکەرانەکانی دیکەی وەك چینو ئیمپریالیزم دا هێلانەی کردوە (١٩٨٤و Brownmiller).

نووسینەکانی فیمینیستەکان لەبارەی سیاسەتی جەستەوە هەموویان نیوەرۆکێکی سەرەکیی هاوبەشیان هەیە کە ئەویش بریتیە لە پێداگرتن لە سەر جەوهەری مرۆیی ژن، سوور بوون لە سەر یەکپارچەیی، رێزو حورمەتی ژنان وەك مرۆڤێكو، هەروەها دژایەتی لەگەڵ ژنان روانین لە ژنان وەك کاڵا.

لاپەڕەکانی، ٦٠و ٦١

کتێبی: " فرهنگ نظریەهای فمینیستی"

نووسینی: مەگی هام، سارا گەمبل.

وەرگێرانی بۆ فارسی: فیروزە مهاجر، نوشین احمدی خراسانی، فرخ قرەداغی.

## لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆببنەوە

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran

No: 479  4 Feb  2008

ماڵپەڕی  ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان" و ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org   info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 -  MHZ: 12303 -
Polarization: Vertical  -  S R: 27500 - FEC: ¾

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


بەر لەماڵاوایی

## جیاوازییەكانی

## كارو باری كۆنگرەی ئەمجارەمان

قادر وریا

لە نیوەی یەكەمی بەفرانباری ئەمساڵ دا، دوایین كۆنفرانسی تایبەت بە كۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموكراتی كوردستان كە كۆنفرانسی كادرەكانی حیزب لە كوردستان بوو، بەڕێوەچووو، نوێنەرانی كادرەكانی حیزب لە كوردستان بۆ كۆنگرەی چاردەیەم هەڵ بژێردران.

دەست پێكردنی ڕەوتی كارو بارەكانی ئامادە كردنی كۆنگرەی چاردەیەم دەگەڕێتەوە بۆ بەهاری رابردوو كە كومیتەی ناوەندیی حیزب لە كۆبوونەوەی خۆیدا كومیتەی ئامادە كردنی كۆنگرەو هەیئەتی نووسینەوەی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دیاری كرد.

لەم بابەتە كورتەدا ناكرێ بە قووڵی بچینەنێو وردەكارییەكانی كارو باری پێوەندیدار بە كۆنگرەی ١٤ی حیزب. هەر بۆیە قامك لە سەر دوو جیاوازیی بنەڕەتیی كاری ئەم كۆنگرەیە لەگەڵ كارە سەرەتاییەكانی كۆنگرەكانی پێشوو دادەنێمو هەڵوێستەیەكیان لەسەر دەكەم.

حیزبی دێموكرات بە درێژایی مێژووی خۆی، كۆنگرە گرتنو چونیەتیی بەڕێوەبردنەكەی بە پرسێكی حیزبیو ڕێكخراوەییو نێوخۆیی زانیوە، بۆیەش هیچ كات هەوڵی نەداوە خەڵكی دەرەوەی حیزب لە كاروباری پێوەندیدار بە كۆنگرە دا بەشدار بكا. بەڵام ئەمجارەیان ماڵاوایی لەم جۆرە ڕوانینە كردو بۆخۆی هەنگاوی یەكەمی نا تا دۆستانو ئۆگرانی خاوەن نەزەری دەرەوەی حیزبیش، لە نووسینەوەی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی ئەم حیزبەداو لە كاروباری پێوەندیدار بە كۆنگرەكەیدا بەشدار بن. ئەم بانگەوازەو باوەش كردنەوە بۆ ڕەخنەو بیرو رای جیاواز، بوو بەهۆی ئەوە لە نێوخۆو دەرەوەی كوردستان ڕووناكبیرانو ئۆگرانی كاری سیاسی كە ئارەزووی نوێبوونەوەو بەرەوپێشچوونی حیزبی دێموكراتی كوردستانیان هەیە، دەیان وتارو بابەت لەم پێوەندییەدا بۆ حیزبی دێموكراتی كوردستان بنێرن یا لە ماڵپەڕە ئینتێرنێتییەكان دا بڵاویان بكەنەوەو، تیشك بخەنە سەر لاوازیو كەمو كورتییەكانو، ئیدەو پێشنیاری جوان بهێننە گۆڕێ. ئەگەر لەم دوو سێ كۆنگرەی پێشوودا، بووڵتەنی كۆنگرە هەر بۆنێوخۆی حیزب دەردەچووو تەنیا ئەندامانی حیزب دەیانتوانی بۆی بنووسنو بیخوێننەوە، ئەمجارەیان هەموو كەس مافی ئەوەی هەبوو بۆ بووڵتەنی كۆنگرە بنووسێو، بووڵتەن لە نامیلكەیەكی نێوخۆیییەوە، بوو بەبڵاو كراوەیەكی ئاشكرا كە هەموو كەس دەیتوانی دەستی پێ‌رابگاو بیخوێنێتەوە. ئەگەر بە درێژایی مێژووی حیزب، ڕەخنەو نووسینی ڕەخنەگرانەی كەسانو لایەنەكانی دەرەوەی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ ئەو حیزبە دا، بەساردی وەرگیراوە زۆرجاریش بەتوندی وڵامیان دراوەتەوە، ئەمجارەیان هەوڵ درا واقیعبینانە سەیری ئەم جۆرە ڕەخنەو هەڵسەنگاندنانە بكرێو ،ئەگەر شتی دڵسۆزانەو دروستیان تێدایە، پێشوازییان لێ‌بكرێو، ئەگەر ڕەخنەكان لە جێی خۆیان دا نین، بە نەرمیو سینگ فراوانییەوە وڵامیان بدرێتەوە.

دووهەم جیاوازیی كارو باری سەرەتایی كۆنگرەی ئەمجارە لەگەڵ كۆنگرەكانی پێشوو، لەو ڕێوشوێنو میكانیزمانە دا بوو كە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی كۆنگرە كەڵكیان لێ‌وەرگیرا. حیزبی دێموكراتی كوردستان بڕیاری بە خۆداچوونەوەو دەرس وەرگرتن لە هەڵەو كەمو كورتییەكانی ڕابردووی داوە. بۆیە زۆر بی‌ماناو سەیر دەبوو ئەگەر ئەزموونە خراپەكانی پێشوو لە بواری هەڵبژاردندا دووپات بكاتەوە. دەستەبەندیی نهێنی كە لە كۆنفرانسەكانی كۆنگرەی ١٣دا، چارەنووسی هەموو هەڵبژاردنەكانی لە پێشەوە دیاری كردبوو، لەو دیاردە دزێوانە بوو كە دەبوو جارێكی دیكە ڕێگای پێ‌ نەدرێتەوە تا هەڵبژاردنێكی سالم بەڕێوەبچێ. دیارە ململانێی جەناحی لە كۆنفرانسەكانو كۆنگرەكانی پێشتریش دا هەبووو وای كردبوو تەنیا سەركەوتنی قۆڵێك بە سەر قۆڵێكی دیكەدا، ببێتە ئامانجی سەرەكیی هەڵبژاردنەكانو لە سۆنگەی ئەم ململانێیەوە "شایستە سالاری"و زۆر لە مافەكانی جۆراوجۆرییەكانی نێو حیزب ببوونە قوربانی. بە ئەزموون وەرگرتن لەم ڕابردووە ناخۆشە بوو كە كومیتەی ئامادەكردنی كۆنگرەی ١٤ی حیزب هەوڵی دۆزینەوەی میكانیزمی نوێو گونجاوی‌داو، لەم هەوڵەشی دا بەدەنەی حیزبی بەشدار كرد. بە وەرگرتنی ڕاو بۆچوونی كادرەكانو ئەندامانی حیزبو پێكهێنانی كۆبوونەوەو سمیناری تایبەتو تاوتوێكردنی پێشنیارە جۆراوجۆرەكان، میكانیزمی ئەوتۆی دۆزینەوە كە جۆراوجۆرییەكانی نێو حیزب جگە لەوەی دانیان پێدا بنرێ، بتوانن ڕاستەوخۆ نوێنەری خۆیان بۆ كۆنگرە بنێرن. لە كۆنگرەی ١٤ی حیزب دا، ڕێژەیەكی بەرچاو لە ژنانی ئەندامی حیزب حوزووریان دەبێ بە جۆرێك كە دەتوانین بڵێین لە مێژووی حیزب دا ئەم حوزوورە، بێ‌وێنەیە. هەر وڵاتێك كە ژمارەیەكی دیاریكراو ئەندامی حیزبی لێیە، نوێنەری لەم كۆنگرەیەدا هەیە. ژنانو لاوانی ئەندام لە كەمپە حیزبی‌یەكانی، نوێنەری ڕاستەو خۆیان بۆ كۆنگرە هەڵ بژاردوە، ئەندامانی حیزبیی دانیشتووی شارو شارۆچكەكانی هەرێمی كوردستان چەندین نوێنەریان لە كۆنگرەدا دەبێ. پێشمەرگەكانی ئەندامی حیزبیش، بە دەیان نوێنەریان لەم كۆنگرەیەدا هەیە. لەم هەڵبژاردنانەدا، جۆراوجۆریی نەسلەكان، جیاوازیی ناوچەییو جوغرافیایی تێكۆشەرانی حیزب، وەبەرچاو گیراوە. ئەو میكانیزمانەی لە هەڵبژاردنەكانی ئەمجارەدا بەكار هێنران، ئەگەرچی ئاڵۆزتر لە هی جاران بوونو، دۆزینەوەو جێبەجێكردنیان، كاتی زیاتری ویست، بەڵام بەو هۆیەوە كە ڕێزگرتن لە جۆراوجۆرییەكانی نێو حیزبو وڵامدەر بوون لە ئاست چاوەڕوانییەكانی ئەمڕۆی بەدەنەی حیزبیان مەبەست بوو، لەگەڵ كەمترین نارەزایەتی بەرەوروو بوونو بەگەرمی پێشوازییان لێ‌كراوە.

لێرەدا لە باسی فەزای دێموكراتیكو سالمی زاڵ بە سەر ئەم كۆنفرانسانەدا، لە بەر درێژ نەبوونەوەی نووسینەكەم خۆم دەبوێرمو باسەكەم بەم قسەیە كۆتایی دێنم كە حیزبی ئێمە لە گرتنی كۆنفرانسەكانو هەڵبژاردنی نوێنەرانی كۆنگرەدا نیشانیدا دەتوانێ لاپەڕەیەكی تازە هەڵ بداتەوەو خۆی نوێ بكاتەوە، لە بەڕێوەبردنی كۆنگرەی ١٤ی خۆیو هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتیی داهاتووش دا، دەبێ لە كەمو كورتییەكانی ڕابردوو دەرس وەربگرێو هەوڵ بدا كۆنگرەكەی لە باری نێوەرۆكو ئاكامەكانو میكانیزمەكانی هەڵبژاردنی ڕێبەریو بڕیارەكانییەوە، گۆڕانو نوێخوازیی پێوە دیار بێ.

## ژمارەی نوێی گۆڤاری تیشك




ژمارەی ٤١ی گۆڤاری تیشك چاپو بڵاو كرایەوە. ئەم ژمارەیەی تیشك كۆمەڵێك نووسینو توێژینەوەو بابەتی وەرگێڕدراوی لە خۆ گرتوە. تیشك گۆڤارێكی سیاسی - ڕۆشنبیریی، گشتییەو كومیسیۆنی لێكۆڵینەوەو بارهێنانی حیزبی دێموكراتی كوردستان هەر سێ مانگ جارێك دەری دەكا.

## مانگنامەی "زنان"

## قوربانییەكی دیكەی سیاسەتی سەركوت

دەستەی چاوەدێر بە سەر چاپەمەنییەكان دا بە بڵاو كردنەوەی ڕاگەیەندراوێك ڕایگەیاند كە مانگنامەی "زنان" (ژنان) مۆڵەتی لێ ئەستێندراوەتەوە.

لەم ڕاگەیەندراوەدا گۆڤاری "زنان" بە بڵاوكراوەیەكی پڕ سەرپێچی لە قەڵەم دراوە كە زۆر جاران بە شێوەیەكی زارەكی وریا كراوەتەوە. لە ڕاگەیەندراوەكەدا هەروەها باس لەوە كراوە كە گۆڤاری ناوبراو هەڵگری بابەتی فیمینیستیە كە دژایەتیی جەوهەریی لەگەڵ ڕێوشوێنەكانی ئیسلام دا هەیەو بابەتەكانی هێندێك لە ژمارەكانیدا




سیمای بەسیج خراپ كراوەو پرسەكانی ژنان بە ڕەش نیشان دراوە.

گۆڤاری "زنان" لە ١٦ ساڵ لەوەپێشەوە بڵاو بۆتەوەو خزمەتێكی بەرچاوی بە وشیار كردنەوەو پێگەیاندنی ژنان كردوە.

## ناڕەزایەتیی سینەماكارانی ئێران لە سیاسەتە فەرهەنگییەكان

٤٥ كەس لە دەرهێنەرانو ئەكتەرەكانی سینەمای ئێران بە بڵاو كردنەوەی بەیاننامەیەك سەبارەت بە سیاسەتە فەرهەنگییەكانی ڕێژیم لە سینەمادا كە بۆتە هۆی پەراوێزنشینیو لادرانی بەشێك لە سینەمای بیركەرەوەی ئێران، ناڕەزایەتییان دەربڕیوە.

لە بەشێك لەو بەیاننامەیەدا هاتوە: كەمتەرخەمیو گرنگی‌نەدان بە سینەمای فەرهەنگی كە بەشێك لە سامانی نیشمانییە زۆر جێگای پەرۆشییە. وادیارە بڕیاردەرانی بواری سینەما لە جیاتی هاوفكریو خستنەرووی ڕێوشوێنی كردەیی بۆ گەیشتن بە لوتكە نیشتمانیو جیهانییەكان بە دانی بڕیاری نالەبار بوونەتە هۆی گۆشەگیریو لادرانی بەشێك لە سینەمای بیركەرەوەی ئێران.



ئەم بەیاننامەیە لە كاتێك دا بڵاو كراوەتەوە كە لەم ڕۆژانەی دواییدا وەلانرانی چەند فیلمی گرنگی فستیڤاڵی فەجر بە هۆی سانسۆر، پەرچەكرداری جۆراوجۆری لە نێو سینەماكاران دا لێكەوتۆتەوەو ئەم پەرچەكردارانە بەشێوەیەكی زەق لە چاپەمەنییەكانی ئێران دا ڕەنگی داوەتەوە.

## فیلمی ژانی گەل لە پێشبڕكێی ئۆسكاردا



نەوا: فیلمی ژانی گەل لە دەرهێنانی جەمیل ڕۆستەمی وەك فیلمی هەڵبژێردراوی عێراق بۆ بەشداری كردن لە پێشبڕكێی ئۆسكاردا دیاری كرا. سایتی بی. بی. سی لەم بارەیەوە بڵاویكردەوە فیلمی ژانی گەل لە بەشی ئەو فیلمانەدا بەشداری دەكا كە بە زمانی ئینگلیزی نینو پێشبڕكێ لە گەڵ ٦٢ فیلمی دیكە لە ناوچە جۆراوجۆرەكانی جیهاندا دەكا.

پێویستە بوترێ دوای فیلمی پرسەی بەفر، فیلمی ژانی گەل دووەمین كاری جەمیل ڕۆستەمیە كە بە بەشداری هونەرمەندانی كوردستان بەرهەم هاتووە.

## بووكە بەفرینە لە مەریوان



دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەكشەممە ١٤ی ڕێبەندان ناوەندی بەرگری لە منداڵان ڕێوڕەسمێكی تایبەت بە دروست كردنی بووكە بەفرینەی بۆ منداڵانی مەریوانی پێك هێنا. لەم ڕێوڕەسمەدا كە لە نزیك تالاری قەسر بەڕێوە چوو ژمارەیەكی یەكجار زۆر لە منداڵان بەشدارییان كردو بۆ چەند كاتژمێر لە سەر هاورێشمی سپیی بەفر پێكەوە یارییان كرد.

### مرواریی دەریای وشە

ئەو كاتەی سندانی خۆراگر بە، ڕۆژێكیش كە بووی بە كوتك، توندتر بكوتە. (جان قلوریو)

سەعاتێك ژیانی سەربەرزانە، سەدەیەك ژیان بەبێ ناوونیشان دێنێ. (سێروالتێر سكات)

بڕواتان بە زیندە خەونەكانتان هەبێ، چونكە دەرگای ئەبەدیەتن. (جەبران خەلیل جەبران)

منداڵی نانەجیب ئاگرێكە تەمەنی باوكی دەسووتێنێ. (ئەردی مەزن)

نرخی هەر شتێك بەوەندە كاتە دەپێورێ كە ئامادەی بۆی تەرخان بكەی. (بدایان تریسی)

